# ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی
# و
# سیاسی لە موکریان
## (لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆماری کوردستان)
## (١)

س.چ. هێرش

ئەگەر بمانەوێ لە پرۆسەی شێعری نیشتمانی و سیاسی ئەو بەشەی کوردستان واتە موکریان بدوێین، ناچارین دەبێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی لەبەرچاوگیراو، بەتایبەت ئەو هۆیانەی کە بەستێنی ئەو دیاردەیان لە کوردستانی ژێردەستەڵاتی ئێران پێکهێناوە، بەکورتی و بەپێی توانا لێک بدەینەوە.

هەروەک دەزانین تا پێش شەڕی جیهانی یەکەم، کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرەڕای ئەوەیکە گەلێک بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە خۆیەوە دیوە، بەڵام لە هیچکامیاندا نە تەنیا هەستی نەتەوەیی و شعوری میللی لە حاند هەستی دینی و ئایینی و عەشیرەییدا پڕ ڕەنگ نەبووەتەوە، بەڵکوو شوێنێکی ئەوتۆشیان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنگەری و شعوری کۆمەڵایەتی خەڵک دانەناوە. هەر بەو پێیەش لایەنی شێعری نیشتمانیش سەری هەڵنەداوە. دیارە ئەوەش زیاتر پێوەندی بە باردودۆخی کۆمەڵایەتی و نزم بوونی ڕادەی خوێندواری کۆڕ و کۆمەڵانی ئەو سەردەمەوە هەبووە و غەیری ئەوەش چاوەڕوان نەدەکرا.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری کلاسیکی کوردی ئەوبەشەی کوردستان واتە «لقی موکریان»ی سەر بە«ڕێبازی سۆران» (بە ڕێبەرایەتی نالی)، لانیکەم لەم قۆناغەدا، دوورەپەرێزی بووە لەو بیر و بۆچوون و دەربڕینەی کە «هەستی نەتەوایەتی»تێدا دەبریسکێتەوە. هەرچەند بیر و بۆچوونی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوە خوازی زۆر پێشتر لە «مەم و زین»ی خانی شاعیری گەورەی کورددا، ڕەنگی دابۆوە، بەڵام پەیام و هاوارە مێژوویەکەی لەو بەشەی کوردستاندا، زۆر درەنگتر تەقییەوە.

دەوەدا شک نییە کە شعوری میللی و هەستی نەتەوایەتی پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی بە فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی، شێوەی بەرهەمهێنان، ڕادەی شارنشینی و شارستانی، پلەی خوێندەواری، زەوقی فەرهەنگی و هەروەها چۆنێتی ئاوێتە بوونی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆیە ناکرێ ئەو ئەرک و مەبەستەی کەوا ئەورۆ لە ڕوانگەی نەتەوایەتییەوە بۆ شێعر لە بەر چاوی دەگیرێ، لەبەر چاو گیرابا. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەگەر زمان وەک دیاردەییێکی زەق و لایەنێکی گرینگ بۆ نواندن و نیشاندانی هەستی نەتەوایەتی بە حیساب بێ، دیارە شێعری کلاسیکی کوردی تا ئەو سەردەمە خزمەتێکی زۆر شیاوی لەوبارەوە کردووە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە شێعر و شاعیری لە ئەساسدا ئەو ئەرکەی نەبووە و بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتیش نەیدەتوانی هەیبێ. گریمان ئەگەر ئەو زەوق و توانایییەش هەبایە، لە چوارچێوەی پێوەندیی زەویداری و سیستمی کۆچەری ـ عەشیرەییدا نەدەگونجا. ڕەنگە ئەو قسەیەی «واسیلی نیکیتین» بێ جێ نەبێ کە گوتوویە: «ئەدەبی نووسراوی کوردی جگە لە دەرەتانێکی تەسک بۆ فیۆداڵە خوێندەوارەکان و هەروەها توێژێکی کەم لە ڕۆشنبیرانی خاوەن ئامانجی نەتەوەیی شیاوی دەست پێڕاگەیشتن نەبووە. کەچی زۆربەی خەڵکی کورد کە لە نێو چەندین وڵاتی بێگانەدا بڵاوبوونەوە لە ئەدەبی نووسراو بێبەش کراون؛ سەرەڕای ئەوەش چینەکانی سەرووی ئەو نەتەوەیە خۆیان بە کۆڕوکۆمەڵانی هاوتەرازی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوانەوە دەبەستنەوە کە حوکمیان بە سەردا دەکەن و لە زمانی ئەوان( تورکی یا فارسی یا عەرەبی و هێندێک جاریش هەرمەنی) وەک زمانی ئەدەبی بۆ بەجێگەیاندنی پێوەندیی سیاسی و فەرهەنگی کەڵەک وەردەگرن».[1] بێ لەوەش دین و ئایین و تەریقەتەکانیش کەم تا زۆر وەک ڕاگر و پارێزەری نیزامی کۆنی کۆمەڵایەتی، ئەو بوارەیان نەدەرەخساند کە شێعر زیاتر لە ئەرکی دیاریکراوی خۆی، پەل بۆ «بیدعەت» و شتی نەخوازراو ڕابکێشێ. هەر بۆیەشە لەو قۆناغەدا کە قۆناغی شێعری سۆفیەگەریی یە، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتی لاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ناڕەوا دەبێ ئەگەر لە بوونی تەریقەتەکانی کوردستان بەتایبەت قادری و نەخشبەندی بۆ شوێندانان لە سەر پرۆسەی شێعر و شاعیریدا، چاوبپۆشین. دوای ڕووخان و لەناوچوونی ئەمارەتە کوردییەکان، مەزگەوت و تەکیە و خانەقا وەک بنکەیێکی گرینگی کۆمەڵایەتی، گەورەترین خزمەتیان لە بواری بووژاندنەوە و پەرەپێدانی شێعر و ئەدەبی کوردیدا کرد کە دەشێ لەو بارەوە وەک نێوەندێکی ئاماڵ دەوڵەتی کوردی لە قەڵەم بدرێن. بۆ نموونە شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان، وەکوو: «ئەحمەدی کۆری موکریانی»، «مەلا ساڵحی حەریق»، «میسباحی ئەدەب» و «وەفایی مهابادی» و زۆری دیکە... ئەگەر ڕاستەوخۆ پەروەردەی نێو حوجرەی مزگەوت و خانەقاکانی «بورهان»و «زەمبیل» و «شەمزینان»نەبووبن، لانیکەم جارجار بە ئاوی خاوێنی ئەوێ، دەستنوێژی عیشق و خۆشەویستییان شوشتووە و حاڵەتی جەزبەیان گرتووە و شێعریان گوتووە. هیچ عەیب و شوورەییش نەبووە، ئەو بارودۆخەی ئەوان تێیدا دەژیان هەر ئەوەی هەڵدەگرت.

شاعیرانی ئەو سەردەمە بە تێکڕایی جیهانبینی یەکێتی بوون(پانتەئیستی) و ئەوپەڕی سروشتی(ئیدەئالیستی) یان هەبووە و زیاتر باسی عیشق و عیرفان و سروشت و پێوەندییەکانی ڕوحی و مەعنەوییان کردووە و تانەت لە دەربڕینی گەورەترین کارەسات و ڕووداوی سەردەمی ژیانی خۆیانیش، چاویان پۆشیوە. بۆ نموونە شاعیرێکی گەورەی وەک وەفایی کە مرید و میرزای شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بووە، سەبارەت بە ڕاپەڕینە مێژوویەکەی ساڵی ١٨٨٠ی شێخ دژ بە حکوومەتی قاجارەکان، جگە لە چەند پارچە شێعر کە ڕاستەوخۆ بە شێخی هەڵاگوتووە، شتێکی ئەوتۆی لەو بارەوە دەرنەبڕیوە.

هاوکات لەگەڵ هەڵائیسانی شەڕی یەکەمی جیهانی و داگیرکرانی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ڕووس و عوسمانییەوە، قورسایی باری شەڕ دەکەوێتە سەر ئەستۆی خەڵکی هەژار و ناتەیار و بێ چەک و مەچەکی کورد. لەم هەلە

ناسکەدا، بەشێک لە شێخەکان و سەرۆکە ئاینییەکانی کوردەواری دەبنە بڵیندگۆی ئیسلامخوازی عوسمانییەکان و لە بری ئەوەیکە خەڵکی بێلایەن بهێڵنەوە، دژی سپای رووسی تێزاری هانیان دەدەن و بەمجۆرە زۆربەی خەڵکی کورد لەسەرۆک عەشیرەتەکانەوە را بگرە هەتا چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی شارەکان، لە رووی ناچارییەوە دەکەونە نێو شەڕێکی نەخوازراوی لاپەرەسەنی کە جگە لە ماڵوێرانی و کوشت و کوشتار و سووتانی زەویوزار، هیچ چەشنە بەرژەوەندییێکی لە بواری کۆمەڵایەتی ـ سیاسی بۆ گەلی کورد تێدا نابێ و تەنانەت گەلێک لە کەسایەتییە ناوداره بێلایەنەکانی ئەو سەردەمەش، بە تاوانی لایەنگری لەم و لەو بە دەست هێزی داگیرکەری رووس و عوسمانی دەکوژرێن و لەدار دەدرێن.[2] لە ئاکامی ئەو شەڕ و شوڕانە، قاتی و قڕی و گرانی لە کوردستان گەیشتووەتە پلەیێک کە خێزان ناچار بووە لە برسان منداڵی خۆی بخوا[3]. بەم جۆرە چوارچێوەی رەوتی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردەواری بە تەواوی لێک دەترازێ. بۆیە لەو قۆناخەدا دەراوی زانیاری سەبارەت بە چالاکی فەرهەنگی و ئەدەبی (شێعر و شاعیری) زۆر لێڵ و ناڕوونە. دیارە لێرەدا مەبەست ئەدەب و شێعری نووسراوەیە، دەنا کورد لەو کاتەدا لە بواری ئەدەب و شێعری فۆلکلۆرییەوە بەهەمان ئەندازە کە نەخوێندەوارە، بە هەمان ئەندازەش دەوڵەمەندە.

تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم و مەرجیش نییە وابێ، لەو قۆناغەدا جگە لەچەند پارچە شێعری کوردی، بەرهەمێکی ئەوتۆی شێعریمان بۆ نەماوەتەوە کە بتوانێ پرۆسەی چالاکی ئەدەبی و شێعری پێ دەربخرێ. یەکێک لەو پارچە شێعرانەی کە بە یادگار ماوەتەوە و تارادەییێک رووداو و کارەساتەکانی شەڕ دەردەخەن، پارچە شێعرێکە لە «**عەلی بەگی حەیدەری**» (۱۸۷۲-۱۹۵۶)، کە سەبارەت بەو کوشتار و تاڵانەی کە لە لایەن رووسەکانەوە لە ناوچەی موکریان و بەتایبەت لە سابڵاخ کراوە، گوتراوە:

لەو دەمەی تاقم لە دیداری عەزیزانی وەتەن
دائیما جووتم لەگەڵ غەم، هەمدەمی حوزن ومیحەن
تۆزی خاکی هەرمێلێ ی تۆ سورمەیی چاوی دڵە
ئاوی سەرچاوەی زولاڵی شەربەتی روح و بەدەن
حوببی تۆ دینی منە، ئایینی من، ئیمانی من
یاد و فکری ئاو و خاکت شوغڵ و وێردی من وەتەن
گولبنی گولزارەکەی تۆ بوو کە جێی قومری و هەزار
ئاشیانەی جوغدە ئێستا بۆتە جێی زاغ و زەغەن
شار و بازارت دەڵێن سەرپاکی وێران وخەراب
مولک و ئاسارت هەموو پامال و خالی و بێ سەکەن
کووچە و شارت کە پڕ ئاهووی خوتەن بوو بێ خەتا
جوملە وێران و خەرابن، پڕ لە سەگباب و لە سەن
حەیفە وا، بێ قوتبە قیبلەت بێ سەفا باغی وەفا
سەیرە وا، بێ سەیرە پرد و گۆلەکەی قازی حەسەن
مینبەر و مزگەوتی سوور و حوجرەکان وحەوشەکەی
پاکی جێ دەستەی قشوون و پاکی جێ وەعزی قەشەن
دڵبەرانت بوونە یەخسیر، چوونە قەفقاز و سبیر
نەوجەوانانت هەموو کوژران و نێژران بێ کەفەن
حەشرە واوەیلایە ئەورۆ کەربەلایە شاری مە
کوشتنە، تاڵانە، یەخسیرە، کەوا دێن و دەبەن
ڕەنجی موسلیم بێ حیسابە، ڕەحمەتێ یا مستەفا
زوڵمی کافر بێ ژمارە غەززەبی، یا زوڵمینەن
ئەی خودا هەر کوردە یەخسیری هەموو میللەت بووە
دەی! «عەلی» تا چاک نەفەوتاوە، بڵێ فکرێ بکەن[4]

عەلی بەگی حەیدەری، هەرچەند لەو پارچە شێعرەدا بە شێوەییێکی زۆر جوان و بە هەستێکی پاک بەشێک لە رووداو و کارەساتەکانی ئەو سەردەمەی بۆ تۆمار کردووین، بەڵام چونکە خۆی یەکێک لە شاعیرانی سەر بە خانەقای بورهان بووە، رووداوەکانی زیاتر لە روانگەی جیهانبینی مەزهەبییەوە زەق کردووەتەوە تا لە روانگەی نیشتمانییەوە. راستە کۆشتار و تاڵان و بڕۆی رووسەکان لە ماوەی چەند ساڵان لە کوردستاندا بێ وێنە بووە، بەڵام زوڵم و سەرەڕۆیی و درندەیی عوسمانییەکانیش دەستێکی کەمیان لەوان نەبووە.

ئەوەی راستی بێ، لە کورردستانی موکریان، سەرەتای شێعری نیشتمانی و سیاسی لە پێناو ئامانج و بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی، هاوکات لەگەڵ داگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بە هۆی دوکتور «مستەفا شەوقی»(مەستەفا قازی ناسراو بە قازی زادە)دەستی پێکردووە کە لە ساڵی ۱۸۹۶ لە سابڵاغ (مهاباد) لە دایک بووە و لە ساڵی ۱۹۵۰دا مردووە. ئەو لە بنە ماڵەی قازی مهابادە و ئامۆزای قازی عەلی(باوکی پێشەوای قازی) و کوڕی قازی لەتیفە.[5]

بەگوێرەی ئەو کۆمەڵە شێعرانەی کە لە بەردەست دان، ئەگەر مستەفا شەوقی خاوەنی ئەو شێعرانە بێ کە لە سەرەتای لاویدا نووسیونی، بە بەراوردکردن لە گەڵ ئەوە کە لە ساڵی ۱۹۵۰دا کۆچی دوایی کردبێ، دەبێ بەرهەمی شێعریی گەلێک لەوە زیاتری لە پاش بە جێ مابێ. بەهەرحاڵ مەستەفا شەوقی یەکێک لەو شاعیرانەیە کە لە سەر بەستێنی شێعری کلاسیکی کوردی و لە سەر هەمان رووخسار و شکڵی باوی دەربڕین، ئاماڵ گۆڕانێکی لە باری ناوەرۆک و کاکڵەوە بەدیهێناوە. واتە بە پێچەوانەی شاعیرانی پێشوو، نەهاتووە شێعری رووتی بێ پشتیوانە، یان دەربڕینێکی گشتی بێژانە بێنێتە ئاراوە. هەرچەند ئەویش کە خۆی لە سەرەتای لاویدا لە خانەقای بورهان خوێندوویەتی و پێگەیشتووە، لە بیر و بۆچووندا زیاتر بۆ لای لایەنگیری لە عوسمانییەکان دادەشکێتەوە تا رووسەکان، بەڵام هەرچۆنێک بێ، وەک نوێنەری تازە پێگەیشتووی توێژی رۆشنبیری ئەو سەردەمە، هەوڵی داوە کوڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەرەو بیر و ئامانجی پێشکەوتنخوازانە هان بدا و هەستی نەتەوایەتی وکوردایەتییان وەخۆ بخا. بەتایبەت دوای ئەوەیکە مستەفا شەوقی بە مەبەستی خوێندن وڵات بە جێ دێڵێ و لەگەڵ کوڕ و کۆمەڵانی ئازادیخوازی دەرەوەی وڵات لە شاری ئیستانبووڵ ئاشنا دەبێ[6]، هەم لە باری جیهانبینییەوە و هەم لە باری بیر و بۆچوونی نیشتمانییەوە گۆڕانێکی قووڵی بە سەر دادێ و لە سەر مەسەلەی کوردان و هۆی وەپاشکەوتنیان (نەخوێندەواری و جەهل و نیفاق) زیاتر وردەبێتەوە؛ بۆیە ناوەرۆکی شێعرەکانی لە چاو ئەو کاتە، دەربڕی هەستێکی کوردانە و نیشتمانپەروەرانەن.

مستەفای شەوقی سەرەڕای ئەوەیکە ڕیشەی دەرد و ڕەنجی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردەواری چ بە شێعر و چ بە نووسراوە باس دەکا، تا ئەو جێیەی لە توانایشیدا بووبێ، هۆ و سەبەب و ڕێگا چارەشیان روون دەکاتەوە. ئەو، لە پارچەشێعریکیدا کە بە بۆنەی قەتڵوعامی(سابڵاغێ) لە لایەن رووسەکانەوە گوتوویەتی دەڵێ:

جەبین مینایی زێو، کوردی هوما، خاڵ مشکی تاتاری
شەدەشل، چاو بەکل، روو سووره گوڵ، تەرڕار و عەییاری
...........

وەرە تا شەرحی ئەحوالی دڵی خۆمت لە بۆ بێژم
وەرە تا من بە فرمێسکم بشۆم بۆت پەردەیی تاری
عەلیمولڵا لە پاش تەشریف و چوونی تۆ لە (سابڵاغێ)
وەتەن ویران و ماڵ سووتاو و کیژ بێ لاو و خوێن باری...
دە نێو مێرگۆڵەکاندا سووشیی[7] زەرد و هەڵاڵەی سوور...
لە باغ و باغچەکاندا بولبولی شەیدا و پاساری
بە زوڵم و جەوری دوشمن بوو، بەهاریان زەردە پاییزێک
لە بێ ڕەحمیی و دڵ سەختی بە باریان بار لە لێو باری
لە ئاغایان و ئەشراف و مەلایان کەس نەما ئەورۆ
لە سەر ئەنقازی ماڵیان خۆ دەخوێنن کوند بە بێ عاری
لەوەی پێش من کە دەمگوت ئەی برایان غەفڵەتو بەس بێ!
جەفات فەرموو و تەعنەت دا کە شەوقی پووچە بازاڕی؟
ئەوێ وەختی ئەتۆ مەست و غرووری حوسن و ئانت بووی...
ئەتۆ شا و من جەوانێکی فەقیر بووم ڕوو بەشر[8]، شاری
لە تیژی ئاگری عیشقی تۆ زێهنم هێندە مودریک بوو!
کە ئەو ئەحواڵەکانم یەک بە یەک دیبوو بە بێداری[9]

هەروەک دەزانین لە شەڕی یەکەمی جیهانی گەلێک لە عەشیرەت و بنەماڵە شارەییەکانی کوردستان کەوتنە نێو ئاگری شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو، کە بە تێکڕایی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمەی بە سەر سێ بەرەی جیاوازدا دابەش کرد، بەرەیێک لایەنگری هێزی ڕووس و بەرەیێک لایەنگری هێزی عوسمانی(کە هاوپەیمانی ئاڵمان بوو) و بەرەی سێهەمیش بەرەی دژ بە هەردوولا، واتە هەم ڕووس و هەم عوسمانی بوو. بەشێک لە شێخ و خەلیفەکانی سەر بە ڕێبازی نەخشبەندی بۆ نموونە:شێخ حیسامەدین(ی تەوێڵە) و مەولانا محەمەد سادقی مەرزینگ ( خەلیفە و سەرپەرستی خانەقای بورهان دوای وەفاتی شێخ) [10]، بەرەی یەکەم پێکدێنن کە بە هەواخوازی لە ئیسلام و لایەنگریی لە عوسمانی دژی هێزی داگیرکەری ڕووس فتوای جیهاد دەدەن و زۆربەی عەشیرەت و بنەماڵەکانی سەر بەو خانەقایانە لە موکریان، لە شەڕ و ڕووداوەکاندا بەشداری دەکەن. بەرەی دووهەم واتە لایەنگری لە ڕووس و دژی عوسمانی لەلایەن خانەقای شەمزینان بە ڕێبەرایەتی شێخ عوبدولقادری شەمزینان[11] و بەرەی سێهەمیش کە بەشێک لە سەرۆک عەشیرەت و بنەماڵە و حاکمەکانی موکریان دەگرێتەوە پێکدێ کە یەکێک لە بە ناوبانگترین سەرداری ئەو شەڕانە قازی فەتاحی شەهیدە کە لە پێناو بەرگری و دیفاع لە شاری سابڵاغ، لە شەڕێکی نابەرانبەردا بە دەست ساڵداتەکانی ڕووس دەکوژرێ و بەشێک لە خزم وکەسوکارەکەی بە دیل دەگیرێن[12] کە «عەلی بەگی حەیدەری» لە شێعرکەیدا ئیشارەی پێکردووە. هەڵبەت جێی خۆیەتی ئەوەش بگوترێ کە شەڕ و بەرەنگاریی خەڵکی کوردستان، چ لە ئاست هێزی ڕووس و چ لە ئاست هێزی عوسمانی، هەڵوێستێکی دروست و نیشتمانپەروەرانە بووە، چونکە هەرچۆنێکی لە قەڵەم دەین ئەو شەڕ و خۆڕاگری و بەرەنگارییانە لە پێناو پاراستنی شەرەف و نامووس و نیشتمان بووە؛ هەرچەند ئەگەر بە پێی بارودۆخی ئەوکاتە ئاماڵ بەرەیێکی یەکگرتووی ڕێکوپێک بە دیهاتبایە ڕەنگە تەلەفات کەمتر بووبا و تورکە عوسمانییەکانیش نەیاتوانیبا لەلایێک ئاوا بە هاسانی لە هەستی ئیسلامەتی خەڵکی کورد کەڵک وەرگرن و لەولاش گەورە پیاوانی موکریان وەک حەمە خانی بانە، محەمەد حوسێنخانی سەردار، سەیفەدین خانی سەقز و شێخ بابا سەعیدی غەوسابات(کە خۆی شاعیریش بووە) ڕەپێچەکدەن و لە سێدارەیان بدەن.[13]

مەبەست لە هەتڵەبوونی باسەکە، دەستنیشانکردنی ئەو خاڵە بوو کە مستەفا شەوقی وەک ڕۆشنبیرێکی خوێنگەرمی شارەیی ئەو سەردەمە، زۆر ڕێی تێدەچێ کە چەشنە بیر و بۆچوونێکی گەلاڵەکراوی سەبارەت بە شەڕ و بەرگری هەبووبێ بەڵام ئەم گەورە پیاوەی کە لە شێعرەکەدا مەبەستێتی ـ من ڕۆرتر بیرم بۆ لای مەولانا محەمەد سادق بڕ دەکا تا بۆ لای قازی فەتاح ـ بە گوێی نەکردووە و پاشان دەرکەوتووە کە پێشبینییەکانی وەڕاست گەڕاون و دیارە ئەو تیژ زەینییەش هەر بە هۆی ئاگری عیشقی ئەو کەسە بووە کە شێعرەکەی بۆ ناردووە.

لەو پارچە شێعرانەی کە بە دەستەوەن زۆربەیان ئەوە دەسەلمێنن کە شەوقی دەبێ لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی یەکەم لە وڵات بووبێ و پاشان بەرەو هەندەران پەرەوازە بووە؛ بۆیە تەنانەت لەو جێیەی کە بە زمانی غەزەلیش دەدوێ ، سۆزی نیشتمان و ئەو وێنە تراژێدییانەی کە بە چاوی خۆی بینیویە کاریان تێکردووە و ڕەنگیان داوەتەوە. شێعرەکانیشی جگە لە یەک دوو پارچە نەبێ، هەموویانی دەبێ لە دەرەوە نووسی بێ. کەسێک کە شەڕگەی نەدیبێ و وێنە تراژێدییەزیندووەکانی لە مێشکیدا هەڵنەگرێتەوە ناتوانێ دەربڕی ئەو هەستە لە جۆشە و دەرخەری ئەو دیمەنە شاعیرانەیە بێ. ئەو، لە پارچە هۆنراوەی «حەسەبی حاڵ دەگەڵ وەتەن»دا، دەڵێ:

خەملیوە لە سەر قەبری جەوانان گوڵ و لالە؟
یا سووریی خوێنە کە بڵێی ڕەنگەکی ئالە
پێش تابشی خورشید، فەلەک وەقتی بەهاران،
وەک چاو لە فرمێسکی منە، قەترەیی ژالە
ئەی بادی سەبا، هەستە گوزەر کە بە وەتەن دا
پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە!
با بێت و بە تەئسیری فسوونی نەفەسی تۆ
وەک غونچە بپشکوێ دەمی ئەو کوردە کە لاڵە
با بێت و سبەینان ئەلەم و دەردی شەوی هەجر
بێژێ، کە لەوەی پاش خەوی مە، مەحزی وەباڵە!
قەهری فەلەک و جەوری ڕەقیب و ستەمی دۆست
سەر ناسیەیی پڕ شکەنی کرد بە قەباڵە
چارت نییە ئەورۆکە ئەتۆ دەستە شکاوی
بەد مەستیی مەی بوو کە شکا جام و پیاڵە
شەوقی وەرە لەو غوربەتە مائیل بە وەتەن بە
بێ خاکی وەتەن عیززەتی تۆ مەحزی خەیاڵە..
بەو کاکۆڵی ڕەش ڕەنگە! کەوا بۆزی فیراقە
با ڕام بێ لە بۆت فەزل و هونەر چونکە حەلالە[14]

ئەگەر لە لایەنی زێدەگۆیی و زێدە بێژی چاو بپۆشرێ، ئەو غەزەلەی شەوقی یەکێک لە جوانترین و پڕ ناوەرۆکترین غەزەلی شێعری کوردی بە حیساب دێ و لە هەمان کاتدا بە گرینگترین شێعری نیشتمانی. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم کە شەوقی، بەو پارچە شێعرە و بەتایبەت بە گوتنی بەیتی چوارەم، تەوای ئەو کەلێن وکۆلێن و بۆشاییەی کە لە بواری شێعری نیشتمانییەوە تا ئەم قۆناغە بەدیدەکرێ پڕدەکاتەوە. شەوقی، دەمی کوردی لاڵی بە خونچەیێکی نەکراوە چوواندووە کە تەنیا بای سەبا (کە پەیامی شاعیر خۆیەتی) دەتوانێ بیپشکوێنێ و وەک گوڵاڵە کە بیرخەرەوەی خوێنی هەزاران لاوە، زمانی گۆیان وەخۆیان بخا و داوای کراوەیی و ئازادی و سەربەخۆیی بکەن...

شەوقی لە پارچە شێعرێکی دیکەیدا زۆر بە وردی هۆی ئەم «لاڵی» و «دستە شکاوی»و «بەدمەستی»یە واتە تێنەخوێندنەوەی بارودۆخی زەمانە و هەروەها

«شکانی جام و پیاڵە» لە چاوی ئەو کەسانەوە دەبینێ کە «دوژمنی» و «نیفاق» نەیهێشتووە بە عیلم و مەعریفەت خاکی پاکی وەتەن تێراو بکەن:

زمانی ئێمە شیرینە، هەواری ئێمە ڕەنگینە
بەڵا چونکە هەموومان دوژمنین زۆر سەعبە ئیدراکی
نیفاقی مە گوناهێکی عەزیمە جا ئۆباڵی وی
بە گەردەن شێخ و ئاغا و مەلا و دەست و میسواکی [15]

ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە شێعر و پلەی شاعیریی شەوقی بە گوێرەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری قسەی ئاخرمان بکەین و بە ئاکامێکی شیاو بگەین، دەبێ بڵێین کە شەوقی یەکێکە لە ئاڵاهەڵگرانی **قۆناغی ڕۆشنگەریی** کە زوڵم و زۆریی داگیرکەران و دوژمنانی کورد لە لایێک و چەنددەستەیی و پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری کۆمەڵگەکەی لە لایێکی دیکەوە کاریان تێکردووە و هەستیان هاروژاندووە، بۆیە بنەمای بیر و بۆچوونی نەتەوەخوازی لە تەواوی شێعرەکانیدا هەست پێدەکرێ. ئەو، لە باری شێعرەوە نە تەنیا ئارمانجخوازە بەڵکوو بە کردەوەش پیاوی کار و تێکۆشانە. شەوقی بە پێچەوانەی شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان(**قۆناغی سۆفیگەری**) خاوەنی دەنگی ڕەسەنی سەردەمی خۆیەتی و بە زمانی ڕەخنە و سەرکۆنەکردن و پلارتێگرتن و هاندانی هەستی نەتەوەیی دەیەوێ گەلەکەی بەرەو جادە ڕێی شارستانی و ئازادی و بەختەوەری ڕێنوێنی بکا.

هەروەک ئاگادارین، هاوکات لە گەڵ پەرەگرتنی بەکاوەخۆی سەرمایەداری لە ئێرانی سەدەی نۆزدە و بەرەوپێشچوونی پلەی شارستانی لە لایێک و هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی بە هێزی ناوەندی و نوێکردنەوەی بنکەی دەسەلات لە ئێران لە لایێکی دیکەوە، لە کوردستانیش کەم وزۆر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و فەرهەنگی بە تایبەت لە بواری هەستی نەتەوەییدا پێکدێ کە هەر وەک باسی لێوە دەکەین بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی١٩٢٥دا، ئەو دیاردەیە زەق تر دەبێتەوە.

جاری وایە مێژووش بەپێچەوانەی پرۆسەی قانوونمەندی کۆمەڵایەتی، دژ بە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەها هەتلە دەبێ کە کەس سەرەدەری لێ ناکا ئەوەیکە لەو قۆناغەدا، بازی خۆشپەروازی پاشایەتی بە دەست چاوبەستانی ئینگلیس هەڵخرێ و بە سووران و تەقڵەلێدان لە سەر شەپکەی کۆنە سەربازێکی نەخوێندەوار بنیشرێ، یەکێک لەو کارە سەیر و سەمەرانەیە. لەوەش سەیرتر سازکردنی مێژوویێکی دەستکردە کە ناسیۆنالیستە توند و تیژەکان، نەجاتی ئێران و «میللەتی ئێران» لە چاوی ئەو کۆنە سەربازە و پاشای داهاتووی ئێراندا دەبینن، بێ ئەوەی بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەرەوە و ناوەوە لێکبدەنەوە. ئەوەیکە هێندێک لە مێژوونووسانی هەندەری و ناوەیی دەوڵەتی دەستکردی پەهلەوی بە دەوڵەتێکی «مۆدێرن/ نوێباو» لە قەڵەم دەدەن، ئەگەر هەڵەیێکی ناشیانە نەبێ بێشک بۆچوونێکی بەرژەوەندخوازانەیە. دەوڵەتی مۆدێرن لە ئاکامی پرۆسەیێکی قانوونمەندی کۆمەڵایەتی پێکدێ کە تێیدا «مافی ژیان» و «مافی هاوولاتی» هەموو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ، بە گوێرەی قانوون لەبەر چاوبگیرێ و کەس حەقی نەبێ بە حوکمی سەرنێزە ئەو دیاردانە پێشێل بکا. جا با بزانین ئایا بە ڕاستی ئەو هەستی «ئێرانیگەری» و ئەو دەوڵەتی مۆدێرنە لە کوێ ڕا سەرچاوەی گرت و چۆن بوو دواتر بە وەلانانی ڕەزاشا ئاداری لە سەر پاداری نەما؟

هەر وەک ئاشکرایە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و بەتایبەت سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر و کشانەوەی هێزەکانی ڕووس(بەر لە کۆتایی هاتنی شەڕ)، تەنیا مزنهێزێکی کە تەواوی چارەنووسی سیاسی ئێرانی کەوتە دەست، دەوڵەتی ئینگلیس بوو. دیارە ئەمریکاش لە بنەوە یاریدەدەر و هاوبەرژەوەندی سیاسەتی ئینگلیس بوو. دەوەدا شک نییە کە

«نارەزایەتی لە بێ وزەیی وڵات لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٩-١٩٢١و لایەنگری لە پێکهاتنی حکومەتێکی بەهێزی ناوەندی و خوازەری چاککاری، ڕەزاخانی یارمەتیدا و پێشرەفتەکانی، ئینگلسیان زیاتر بۆ پشتیوانی وی هاوئاهەنگ کرد»؛ ئەوەش حاشای لێ ناکرێ هەر وەک «ژێرینسکی لە سەر نەخشی گرینگی وەزیری موختاری بریتانیا سێر پێرسی لۆرێن(Sir Percy Lorain)سەبارەت بە هێنانی ڕەزاخان و هاسان کردنەوەی کاری وی پێدادەگرێ و دەڵێ ئەوە لۆرێن بوو کە ڕەخساندی بریتانیا لە پشتیوانی شێخ خەزعەل دەست هەڵگرێ و دەسەلاتی ڕەزاخانی بە سەردا بچارێنێ و ئەوە لۆرێن بوو کە ڕەزاخانی تێگەیاند کە سەری ناسازگاری لە گەڵ ڕووخانی قاجارەکان و دامەزرانی بنەماڵەیێکی تازە نابێ»[16] چونکە «بەگوێرەی بارودۆخی دەرەکی و ناوەکی ئێرانی ئەوسەردەمە، دەکرێ وای دابنێین سەرەڕای ئەوەیکە چ کەسێک وەزیری موختاری بریتانیا لە تاران بێ، کاربەدەستانی ئینگلیسی بە هاسانی کەسێکی وەک ڕەزاخانیان بۆ نەدەدۆزراوە کە بتوانێ دەسەلاتی چەسپاو و هێمنایەتی ئێران بەرقەراربکا، هەرچەشە لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا نەکا و دەوڵەتی وی لەمپەرێک بێ لە نێوان ئیمپراتوری[بریتانیا] و سۆڤێت و کۆسپێک بێ لە سەر ڕێگای پەرەگرتنی بۆلشویزم».[17]

وەختایێک ڕەزاخان لە ساڵی ١٩٢٥ بە نێوی «**پەهلەوی**» پاشایەتی ئێرانی بۆ مسۆگەر کرا، جگە لە بزووتنەوەی **سمکۆ** کە ماوەی چەند ساڵان درێژەی هەبوو و دەوڵەتی ناوەندی ئێرانی کوندە جەرگ کردبوو، بزووتنەوەیێکی ئەوتۆی گرینگ و جێی ترس نەمابوو کە بە یارمەتی ئینگلیس سەرکوت نەکرێ. بۆیە یەکێک لە هەنگاوە گرینگەکانی کە دەبوو لە پێناو دامەزرانی «ئێرانی نوێ» و ئامانجی «نوێخوازی» هەڵیهێنێتەوە، بە هێز کردنی قەوارەی ئەرتەش و پتەو کردنی نیزامی بۆروکراتیک ـ پۆلیسی بوو لە سەر ئەساسی کەم کردنەوەی دەسەلاتی هۆز و عەشیرەت و نەتەوە نا فارسەکان. ڕەزا شا بە کەڵک وەرگرتن لە داهاتی لە حیساب نەهاتووی نەوت و بە بەهرەوەرگرتن لە سیاسەت و ئامۆژگارییەکانی ئینگلیس توانی حکومەتێکی تەواو پۆلیسی لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستان دابمەزرێنێ.

دیارە «لەو بارەدا، ڕەزا شا لە لایەن بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی خاوەن نفوزی ئێرانی کە پێیان وابوو هۆز و عەشیرەتەکانی نەژادی[نافارس] کۆسپێکی نالەبارن لە سەر ڕێی نوێخوازی، پشتیوانی لێکرا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەزا شا خۆی لە سەرەتاوە بۆ لە ناوبردنی هێندێک لە عەشیرەتە خاوەن دەستەڵاتەکان لە هێزی عەسکەری عەشیرەیی یارمەتی وەرگرت بەڵام ماوەیێکی پێنەچوو هەموویانی تێکشکاند. سەرۆکەکانی یان پەرەوەازە کرد، یان لە زیندانی ئاخنین و لەناوی بردن. هێندێکی چەک کردن و هێندێکیشی ناچار بە داسەکنان کرد و لە ڕێی ئامۆژیاری[فێر کردن و بارهێنان]، نفووزی بۆروکراتیک(ئیداری)، بەسەربازبردنی ئیجباری(مەشمول) و، گۆڕینی زمان و جلوبەرگ هەوڵی دا ئەوان بکاتە بەشێک لە کۆمەڵگەی فارس زمانان.»[18]

بەکورتی هەروەک نووسەر و لێکۆڵەرەوەی ئێرانی «شاهرخ مسکوب»دەڵێ:

«تەنیا ڕێگایێکی کە تەقریبەن هەموو بیرکەرەوانی ئێراندۆست بۆ

دەرمانی پەرێشانی[ئێران]دۆزیانەوە، دوو ڕێی تێکئەڵقاو و یەک لایەنە بوو:

ـ ئێرانیگەری(ناسیۆنالیزم) لە ئیدەئۆلۆژیدا؛

ـ دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی، لە گۆڕەپانی کردەوەدا.»[19]

کە گونجاندنی ناوەرۆکی هەردووک خاڵی ئەو سیاسەتە، لە پێوەندی لە گەڵ کوردستاندا جگە لە ستەمی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و نەتەوایەتی ـ فەرهەنگی، دوژمنایەتیکی ئاشکراش بوو بۆ تواندنەوەی یەکجاری نەتەوەی کورد لە نێو «هەویتی نەتەوەیی ئێرانی»دا.

هەرچەند ڕەزاشا لە پێوەندی لەگەڵ خاڵی دووهەمدا توانی بە حوکمی سەرنێزە و هێزی عەسکەری هێمنایەتیکی ئاماڵ گۆڕستانی لە کوردستان پێکبێنێ، بەڵام سەبارەت بە خاڵی یەکەم سەرەڕای پروپاگەندەییێکی زۆری ئیدەئۆلۆژی و سیاسی و فەرهەنگی، نەیتوانی کورد لە چوارچێوەی «هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی»دا بتوێنێتەوە.

باوەکوو لەو سەروبەندەدا، هەروەک پیاوە قەدیمییەکانی موکریان دەگێڕنەوە و دەڵێن: «کەڵ بە موو بەند بوو»، کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەتەنیا سەریان بۆ ئیدەئۆلۆژی «ئێرانیگەری»ی شوڤێنیستە خاوەن دەستەڵاتەکانی دەوڵەتی ناوەندی شۆڕ نەکرد، بەڵکوو لە باری هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتیشەوە زیاتر تێهەڵچوونەوە.

ئەوەی پێوەندی بە شێعر و شاعیرییەوە هەبێ، دەبێ بڵێین، سەرەڕای ئەوەکە لەو قۆناغەدا بە ڕەسمی زمانی کوردی قەدەغە دەکرێ، شێعری کوردی کە هەم ڕەنگدەرەوەی بیر و بۆچوونی نیشتمانی و هەم دەربڕی ناڕەزایەتی لەدژی سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی و زمانی کوردی بێ، لە سەر بەستێنی شێعری شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان(قۆناغی سۆفیگەری) ڕەوتی خۆی درێژە پێدا. بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە یەکێک لەو سەنگەرانەی کە زمانی کوردی تاڕەدایێک لە نەمان پاراست مەتەرێزی شێعر بوو، لە هەمان کاتیشدا چاکترین و هاسانترین چەکی بەرەنگاری کە تەنانەت خەڵکی نەخوێندەواریش دەیتوانی هەم بیبێژێ و بیژنەفێ، هەم لەبەریشی بکا و بۆ خەڵکی دیکەشی بخوێنێتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە سەر دەرگای هەموو مەدرەسە و ئیدارەکانیش نووسرابوو « بە فارسی قسان بکەن»[20]

دیارە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، چ لەناچاری بێ و چ بە زۆرە ملی، هەبوون کەسانێک کە پشتیان لە زمان و ئەدەب و شێعری کوردی کرد و بەمجۆرە نەختاڵێک زەوقی فەرهەنگی و ڕەوتی شێعر و ئەدەبی کوردی کوێر بۆوە. بەڵام هەرئەندازە پرۆسەی دامەزرانی «ئێرانی نوێ» و هەستی ناسیۆنالیستی نەتەوەی سەردەست، ئەویش لە سەر حیسابی تواندنەوەی گەلانی نافارس، توند و تیژتر دەبوو، بەهەمان ئەندازەش هەستی نەتەوایەتی کوردیش کە وەک پۆلووی ژێرخۆڵەمێش وابوو لە ئاورگی شێعری کوردیدا دەگەشاوە. وەختایێک لە ساڵی ١٣١٣(١٩٣٤)، جێژنی هەزارساڵەی «فیردەوسی»دانەری شاهنامە، لە تاران بەڕێوەدەچێ، لە لایەن هەستیاران و شاعیران و نیشتمانپەروەرانی کوردیشەوە لە مزگەوت و خانەقا و دیوەخان و قاوەخانەکانی کوردستان لەوپەڕی حوکمی پۆلیسیدا، شێعری کوردی دەخوێندرێتەوە و بەمجۆرە چەشنە ئەدەبێکی بەرەنگاری لە نێو کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کورددا پەرەدەگرێ. لێرەدا جێی خۆیەتی هێندێک لەم شوێن و ناوەندانەی کە لە بواری بووژاندنەوەی شێعر و زمانی کوردیدا نەخشێکی بەرچاویان هەبووە و نەیانهێشتووە ئەو ئاگرە بکوژێتەوە، دەستنیشان بکەین و بۆ نموونە هێندێکیان ناو بەرین:

ـ خانەقای شەمزینان لە شاری مهاباد،

ـ خانەقای زەمبیل،

ـ دیوەخانی عەلیخانی ئەمیری،

ـ دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافعی لە شاری مهاباد،

ـ مەحکەمە و دیوەخانی قازی عەلی و قازی محەمەد،

ـ خانەقای شەمسی بورهان...

هەرچەند لەو قۆناغەشدا زۆربەی شاعیرانی سەر بەم بنکەکۆمەڵایەتییە ئایینییانە هەر لە سەر شێواز و دەربڕینی کۆن شێعریان دەگوت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ سەبارەت بەکارتێکەری و شوێندانیان لە سەر داهاتووی شێعری موکریان بە تایبەت گەشەپێدانی زمانی کوردی چاویان لێ بپۆشرێ.

دوای هاتنەسەر کاری بنەماڵەی پەهلەوی و جێگیربوونی دەوڵەتی ناوەندی و پروپاگەندەکردن بۆ ئیدەئۆلۆژی ئێرانیگەری و «هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی»، لە شێعر و ئەدەبی کوردیشدا کەم و زۆر چەشنە هەڵوێست و بەرهەڵست و ناڕەزایەتییێک لە حاند پێشێل بوونی مافی نەتەوەیی و فەرهەنگی، بەرجەستە دەبێتەوە و وردە وردە ڕێگا بەرەو شێوازییێکی دیکە کە تا دۆینێ زۆربەی شاعیرانی قۆناغی سۆفیگەری خۆیان لێ دەبوارد، خۆش دەکرێ. بەم جۆرە لەو سەردەمەدا کە دەنگی ئازادی لە گەروودا خەفە کرابوو، لە شێعری موکریاندا، تۆوی بەخۆداهاتنەوە و بیر و بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە و هەستی نەتەوەیی لە شێوەردی زەرهەڵگەڕاو و لە ئاو بێبەشکراوی کۆمەڵگەی کوردەواری دادەچێندرێ. بە کورتی دەتوانین بێژین شێعری موکریان باوەکوو لەباری شکڵ و ڕووخسارەوە درێژەدەری هەمان شێوازی پێشوو بوو، بەڵام لە باری کاکڵ و ناوەرۆکەوە هێندێک تایبەتمەندیی بەرچاوی تێدا بەدیهات کە لەو خاڵانەی خوارەوەدا خۆ دەنوێنن:

ـ دەربڕینی هۆی پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری و بەشخوراوی و ژێر دەستەیی کۆمەڵگەی کورد.

ـ نواندن و دەرخستنی زوڵم و سەرەڕۆیی حکوومەتی ناوەندی و لە قاودانی سیاسەتی دووڕوویی و کوردنامۆیی.

ـ ڕەنگدانەوەی ڕووداوە گرینگەکانی کوردستان، وەک ڕاگوێزانی هێندێک لە هۆز و عەشیرەتەکانی کورد بە زۆرەملی، قەدەغەکردنی زمانی کوردی، گۆڕینی شێوەی جلوبەرگی کوردی و داسەپاندنی شەپکەی پەهلەوی و...

ـ هاندانی کۆڕوکۆمەڵانی کوردەواری و هورووژاندن و ڕاکێشانیان لە پێناو ئامانجی نەتەوەیی و ئازادی و سەربەخۆیی.

ـ لۆمە و سەرکۆنەکردنی سەرۆک عەشیرەت و تاقمە دەستڕۆیشتووەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی.

ـ هەروەها ڕەخنەی توند و تیژ لە کار و ئاکاری دزێو و ناشیرینی کۆمەڵایەتی کە دەبنە هۆی دووبەرەکی(نیفاق) و بەدبەختی و ماڵوێرانی...

دیارە شێعر وەک دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی، پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕادەی خوێندەواری و زەوقی فەرهەنگی و پلەی شارستانی و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە شێعری موکریانی ئەو قۆناغەش ڕەنگدەرەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەی خۆیەتی. ئەگەر تا دۆێنێ شێعری کوردی بە تێکڕایی دەربڕی چەشنە بیر و بۆچوونێکی عیرفانی و ئیدەئالیستی (خوداخوازی و ئینسانەوازی) و گشتی بێژانە و هەمەلایەنە بوو، لە مە بەدوا پێ دەنێتە قۆناغێکی ڕیئالیستی(کۆمەڵخوازی و نەتەوەنەوازی)و تایبەتبێژانە و یەکلایەنە کە هەم باری نەتەوایەتی تێدا بەرجەستە دەبێتەوە و هەم باری چینایەتی. لە نێو شاعیرانی موکریاندا بۆنموونە دەکرێ لە دوو شاعیری ناودار و مەزن «**مەلامارفی کۆکەیی** (١٨٧٤-١٩٤٥)» مەلا و پێشنوێژی مزگەوتی شادەرویشی شاری

مهاباد و، میرزا «**ئەبولحەسەنی سەیفی قازی**(١٨٧٧- ١٩٤٤)» ناسراو بە (سیف القضات) مامۆستای شاعیرانی موکریان نێو بەرین کە هەردووکیان بە هەق وێکهێنەری ئالقە و جەمسەری لایەنی چینایەتی و نەتەوایەتی شێعری موکریانن.

مەلا مارفی کۆکەیی سەرەڕای ئەوە کە لە گوتنی شێعری کۆمەلایەتی و ڕەخنەیی دا دەستێکی بەرزی هەبووە، کۆمەڵگەی کوردەواریشی باش ناسیوە و هۆی پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری و چاولەبەری گەلی کوردی شارەزایانە دەست نیشان کردووە. ئەو لە پارچەشێعرێکیدا ئەو مەبەستانە بە ڕوونی دەردەبڕێ و دەڵێ:

ئەی میللەتی مەزڵوم و فەقیر و دەستەوەستان
بێ عیلم و مەعاریف وەکوو ئەتفالی دەبستان
ئەی بێ بەش و بێ بەهرە لە ئازادی و شادی
مەحرووم وعەقەب کەوتوو وەکوو کوێر و ئەقوستان
بۆ بێخەبەرن دەوری جەهالەت سوپەری بوو
بێنوورە چرای جامیعەیی بادەپەرستان
.........
شاعیر وەرە قوربانی قەریحە و قەڵەمت بم
بینووسە لە بۆ ئاکرە و ئامێد و لورستان
«باوەندی»و «سەنجابی» و ئافاقی جنووبی
بۆ کوردی پەراکەندە لە گەرمێن ولە کوێستان
بۆ میللەتی بێچارەیی بێ ساحیب وسەردار
بە خسووس تەبەقەی کوردی عێراق و عەجەمستان
بۆ ئاتیە فکرێکی بکەن فرسەتە ئەوڕۆ
تاکەی دەبنە چاولەبەر و ئالەتی دەستان ٢١

ماکەی قین و نارەزایەتی دژ بە دوژمنانی کورد وەختایێک زیاتر زەق و تۆخ دەبێتەوە کە مەلا مارف کورتێکیشی بە نێوی «مەلاعەلی»لە ساڵی ١٩٢٤دا، لە شەڕێکی نابەرانبەر لەگەڵ ژاندارمەکانی سەر بە ڕەزاخان لە ناوچەی بۆکان دەکوژرێ. ٢٢

کۆکەیی هەر وەک لە شێعرەکانی را دەردەکەوێ، توانیویەتی بە چەکی زمان و شێعر، بەرەنگاری زوڵم و سەرەڕۆیی کاربەدەستانی هەندەری و خۆماڵی دەورانی ڕەزا شا بێتەوە و لێیان لە هەڵلا بدا و ببێتە زمانی لە قاودان و نوێنەری نارەزایەتی تەواوی ئەو چین و توێژانەی کە لە لایەن ئەمنیە و ئاژان و کاربەدەستانی دەورانی ڕەزاشا، لە گوند و شارەکانی کوردستاندا دەڕووتانەوە.

هەروەک دەزانین ڕەزاشا دوای هاتنە سەر تەختی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٢٥، قانوونی سجیل وەرگرتن و بەسەربازبردنی ئیجباری(مەشمول) و دواتریش لە ساڵی ١٩٢٧ قانوونی جل گۆڕین بە چاولێکەری لە ولاتانی ئورووپایی و هاوسەنگی لەگەڵ سیاسەتی کەمال ئاتاتورک لە تورکیا، دەردەکا کە بۆ بە جێگەیاندنی ئەو فەرمانانە، کار بەدەستانی سەر بە ڕێژیم لە تەواوی کوردستاندا، بە شێوەیێکی زۆر زاڵمانە، وێرای بوغز و غەرەزی میللی لەگەڵ خەڵکی کورد ڕەفتار دەکەن و کار دەگاتە ئەوە کە « مەندیلی مەلایان، شەدەی لاوان، چارشێوی ژنان، نیفەکی ڕانک و پانتۆڵ لەبەرانیان دەسووتاند...». ٢٣

هەرچەند لێرە ولەوێ گەلێک سەربزێوی و نارەزایەتی وەک ڕاپەڕینی مەلا خەلیلی گۆرەمەڕێ لە دژی شەپکەی پەهلەوی سەریان هەڵدا، بەلام هەژار گوتەنی «...مەلا خەلیل کە شکا دەبوو مەلا و فەقێ ئیجازەیان پێ بێ کڵاو لە سەر نەکەن»٢٤. مەلامارف لە پارچە هۆنراوەیێکی خۆیدا، سەرەڕای دەربڕینی وەزعی نالەباری ژیان و پیری و هەژاری خۆی، ڕەفتار و ئاکاری دزێوی کاربەدەستانی ڕێژیمی «پەهلەوی»یش لە قاوەدا و دەڵێ:

دەچمە سەر چۆم و خەیابان یەک نەفەس ئاسوودە بم
شەهرەبانی حازرە و داوای کڵاوم لێدەکا
سەیری خۆشتر، من کە «مەعرووفم» لە نێو ئەم شارەدا
تازە «احصائیە» داوای نیسم و ناوم لێدەکا ٢٥

لێرەدا بۆ ئەوەی هەم ڕێبەران و ڕێڕەوانی شێعر و ئەدەبی موکریان بناسرێ و هەم پلە و پایەی شێعری مەلا مارف وەڕووبخرێ، وا باشە ئاوڕێکیش وە سەر نووسراوەی مامۆستا هێمن بدەینەوە کە سەبارەت بە وی گوتوویەتی:

«لە بیرمە شەوێکی لە دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێ. کۆمەلێک گەورەپیاو و شێعرناس کە ئەوی لەبیرم مابێ یەکیان مامۆستای مەزن تورجانی زادە بوو، تاریفی ئەو شێعرەیان دەکرد کە مەلامارف بۆ شافیعی ناردبوو، من بە ئەدەب لە سەر چۆک دانیشتبووم و متەقم نەدەکرد. تا گەیشتە ئەم شێعرە:

جائیزەی شێعرم لە تۆ ناوێ مەگەر بارێ ڕەژی
تا سەر و رووی دوژمن و بەدخواهی تۆی پێ ڕەش بکەم

ئەو دەم وەدەنگ هاتم وگوتم ئەم شێعرە مانایەکی دیکەشی لە بن دا هەیە ئەویش ئەوەیە کە میرزا ڕەحمەت ئەوەندەی دوژمن و بەدخواه هەیە کە بارێک ڕەژیان دەوێ تا مەلامارف ڕوویان پێ ڕەشبکا. مامۆستا تورجانی زادە تاوێک مات بوو و گوتی: "ئافەریم ڕۆڵە تۆ کێ ی؟ خۆم پێ ناساند گوتی: لە کن کێت خوێندووە؟ گوتم لە خزمەت مامۆستا فەوزی، گوتی: ئەوە بۆیە شتی وا دەزانی.

بەڵێ مەلامارف ئە کەسە بوو کە بەو هەموو زانست و هونەرەوە بە زگێک تێر و بە دووزگانی برسی بوو. دوایەش کە مرد وەک حەریق لە گۆڕستانی مەلا جامی نێژرا و گۆڕی ئەویش وەک گۆڕی هەزاران مەلا و سەید و پیاوچاک بە دەستی "وەرئەهرام" تەخت کرا.»٢٦

با لێرەدا ئەوەش بڵێین ئەو «**تورجانی زادە**»یەی کە مامۆستا هێمن نێوی بردووە، ئەگەر هەمان «مەلا محەمەدی تورجانی زادە» سەرنووسەری ڕۆژنامەی «**ڕۆژی کورد**» کە لە لایەن «سمکۆ»وە دەردەچوو، نەبێ؛ ئەحمەدی تورجانی زادەی برایەتی کە خۆی ئەدیبێکی گەورە و خاوەن ناو بووە. ئەو مامۆستایەی «هێمن»یش هەمان **فەوزی** ی بەنێوبانگی خەڵکی سلێمانی و مامۆستای خانەقای شێخی بورهان بووە کە گەلێک نووسەر و شاعیری کوردی پێگەیاندوون.

هەروەک لە پێشدا باسکرا لە نێو ئەو شوێن و بنکە کۆمەلایەتیانەی کە بە ڕاستی ئەخشێکی پڕ بایەخیان لە پەرەپێدانی شێعر و شاعیریدا هەبووە خانەقای بورهان بووە کە «پیاوی گەورە و زانا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمی موکریان وەک مامۆستا فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوا قازی موحەمەد، حاجی مەلا موحەمەدی شەرەفکەندی، عەلیخانی ئەمیری بە تایبەتی ئاغا خوێندەوار و زاناکانی فەیزوڵلابەگی هات و چۆی خانەقایان دەکرد و بە مانگ و دوو مانگ لە وێندەرێ دەمانەوە». ٢٧

یەکێک لەو شاعیرانەی کە دەکرێ وەک پێشەنگی شێعری نیشتمانی و سیاسی موکریان نێوی بێنین کە شوێن پێی لە سەر شاعیرانی دواتری موکریان بە ڕوونی دەردەکەوێ سەیفی قازی یە کە زۆرجار هەر لەو خانەقایە لە کۆڕی شێعر خوێندنەوەدا بەشداری کردووە و بۆ سوختە و فەقێ و موستەعیدان شێعری خوێندۆتەوە. هەرچەند لە شێعرەکانی را ئەوجۆرەی کە پێویست بێ دەرناکەوێ کە لە چ زەمانێکەوە دەستی بە شێعر گوتن کردووە، بەلام هەرچۆنێک

بێ، ئەو یەکەم شاعیری ئەو قۆناغەیە کە توانیویەتی بە دمەزەردکردنەوە و تیفتیفەدانی خەنجەری شێعری موکریان، دەستپێشخەری شێوازێکی نوێ بێ چ لە باری ناوەرۆکەوە وچ لە باری کاکڵەوە. هێمنی موکریانی سەبارەت بە وی دەڵێ: «... ئەم شاعیرە بە مامۆستای شاعیرانی نیوەی یەکەمی کوردستانی ئێران دەزانم. شاعیرەکانی پێش ئێمەی موکریان وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا و دوکتور شەوقی و خالەمین و سەید کامیل ئەگەر نەشڵێن بیری نەتەوایەتی لەوی فێر بوون دیارە ئوسلوبی لە کارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی و زمانی شوان و سەپان و جووتیاریان لە وی وەرگرتووە ئێمەش شاعیرەکانی پاش ئەوان وەک هەژار و عەتری گڵۆلانی و هێمن پەیڕەوی ئەوانمان کردووە و دیارە شاعیرەکانی لاویش وەک سوارە و هاوار و مەحموودی و مەلا غەفوور ئەم ڕێڕەوەیان بەرنەداوە».[28]

سەیفی قازی سەرەڕای نوێکردنەوەی بیری گەل پەرستی و نەتەوەخوازی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، لە باری داهێنانی کێشی خۆماڵی و دەکارهێنانی وشەی پەتی و پاراو، بە یەکێک لە ئەدیبانی گەورە لە قەڵەم دەدرێ کە هەژاری موکریانی لە بارەیدا، دەڵێ: « نازانم خەڵک دەربارەی بەرهەمی سەیف دەڵێن چی. بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم بڕوام وایە ئەگەر سەیف تەنیاساڵی قڕانی نووسیبایە و هیچی ترنا. دەرگای هەرمان و نەمری وەک ئەدیبێکی گەورەی کورد بەرواداکراوەتەوە[بە ڕوودا کراوەتەوە] و لە لای شاعیرە مەزنەکان پاڵپشتی بۆ دانراوە.»[29]

پێموایە حەوجێ بە شیکردنەوە نەکا کە سەیفی قازی لە هۆنراوەی «ساڵی قڕان»دا، ئاکامی سیاسەت و ئاکاری دزێوی ڕەزاشای وەها لە دیمەنی «بەهارێکی زستانی»دا دەربڕیوە، کە کەم شاعیری کورد توانیویە بەمجۆرە دەربڕێ بە تایبەت لە باری وشەئارایی و وێچواندن (تشبیە)و تێخوێنی(تمثیل) و تێبتژی(استعارە) و وێنە(ئیماژ)ی شێعرییەوە کەم کەس دەیگاتێ:

دنیا وا سور بوو لە بەفر و سیخوار
فرمێسکی سوورم بە سپی دێنە خوار
با لە کێو و دەشت خۆڵ وەسەر دەکا
گریانی کێوان بەحران پڕ دەکا
عەرزیش لە بۆمن هێندەی قوڕ پێوا
بەهاری دەگەڵ زستان لێ شێوا
لەگڵەک لە گەل کەوت نەما تەتەقی
سیرووش لە سیرە و فیتوو و چەقچەقی
پاک پەشیمانن لە بۆ گەرمێنێ
بۆچ دەهاتنەوە عەمرو نەمێنێ...

ئایا ئەگەر مانای ڕواڵەتیی شێعرەکان بخەینە لاوە و بە نووکی قەڵەمەکەمان بنکۆڵیان بکەین هیچ مانای دیکەمان نادەنە دەست؟ بۆچی نا! دوای ئەوەیکە سمکۆ، بەرەو کوردستانی گەرمێن(١٩٢٦) پاشەکشەی کرد و پاشان سەرلەنوێ گەڕاوە[30]... ئاخیری بە هەر فێڵێک بێ بە دەست ڕەزاشا لە ناودەچێ، کە سەیفی قازی، سەبارەت بە وی گوتبووی:

سمکۆی خودا کە داوە بە مە، ساحیب و ڕەئیس
شوکری بکەین بە زار و زبان و ددان و لێو
مەقسوودی وی ئەمە، کە هەقی مە بداتە مە
تەکلیفی مەش وەهایە، فیدای بین بە نێر و مێو

کەچی ئێستا بە لەناوچوونی بزووتنەوە کوردییەکان و کپ بوونەوەی دەنگی گەلی کورد لە هەموو پارچەکان، سەرسوڕماوی خۆی لە نەمانی هەڵۆی کوردان و زەمانی قەل و قشقەڵان دەردەبڕێ و کوڵوکۆی خۆی بەم جۆرە لە تەنیایی دیمەنی سروشتێکی بێ ڕەحمدا هەڵدەڕێژێ:

لە بن بەردان مان هەر سەرمازەڵە
لە باغ و باغچان قەل و قشقەڵە
لاڵ بم نابینم لە چیا و لە ڕازان
زیڕەی هەڵۆیان، چریکەی بازان
بەفری بێ وەعدە ڕەشانگی بڕی
ڕەشانگ و سپی پاکیان سەر بڕی
سەربڕا گاشین پاش مانگا بۆرە
لە باتی گاران ڕۆڕۆ و گابۆڕە
شین و گاهۆڕە لە نێو ڕەعیەتی
بە باچوو ڕەنج و سەعی و زەحمەتی

سەیفولقوزات هەر لەم پارچە هۆنراوەیدا، شەڕ و دووبەرەکی نێوان عەشیرەتەکان و بەتێکڕایی ناکۆکی و ناتەبایی گەلی کورد بە زمانێکی جوان و شاعیرانە دەردەخا و وێڕای ئامۆژگارییان، دەڵێ:

شەماڵ و زریان دایم شەڕیانە    ئاغاوەت شڕن، کرمانج قڕیانە
حەیفە میللەتێک شەشهەزارساڵ بێ    نۆکەری مالان ڕووت وڕەجاڵ بێ
نۆکەری مالان شەرمە لە بۆمە    کۆلان هەڵگرین بە کۆمە کۆمە
چیدی دوژمنان بە خۆ خۆش مەکەن    بوزوو و کەپەنک بالاپۆش مەکەن
تاکەی لە دەرکان کز و بلاو بین    بێ مەزن وگەورە سەر بێ کلاو بین؟
هەرکەس ئارەزووی مالانی هەبێ    وەجاغی کوێر بێ منداڵی نەبێ
ئەو بەدبەختییەی لەکورد ڕوویدابوو    لەبەر نەخوێندن کوڕیان ساوابوو
واجبە خوێندن بۆ دنیا و دینێ    پێغەمبەر فەرمووی بۆ چوونی چینێ
بە گوتە و شانامان میللەت دەمێنن    بە مەزن و گەوران شان دەشکێنن
دەردی دڵ دەکەم کورت وکرمانجی    حەسەن کرمانجە چی لە دیلمانجی؟
تاریخ هەزار و سێسەد ودوازدە    بیستی فەروەردین داد و بێدادە[30]

سیفی قازی لە پارچە شێعرێکی دیکەیدا کە بۆ دۆستێکی خۆی دەنوسێ، سەبارەت بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەمنیە و گزیرەکانی ڕێژیم لە سەر مەسەلەی سجیل وەرگرتن و مەشمول بردن و کلاو و شەپکە لەسەرکردن و بەرتیل خواردن، پەتەی زوڵم و بێ ویژدانی و دزی و فزییان دەخاتە سەر ئاو و دەڵێ:

ئەگەر دەپرسی وەزعی زەمانە    میللەت پەرێشان ئەمان ئەمانە
کاری کوردان هەر، خۆزگە بە پارە    هەر کەس بە دەردێک چوو گرفتارە
جەمعێک بەبیانووی تەجدیدی نەزەر    سەرگەردان کران لە قاپیە و لەدەر
لە ناو مەشمولی کوردی موکریان    کچیان ئارەزوو لە جیاتی کوڕیان
لە خەڵکی دەدەن کوانێ کڵاوت؟    بۆچت لە سەرنا شەدەی بلاوت
یەکی دی دەگرن سجیلت کوانێ    ماڵی قاچاغت لە سەر دووکانێ؟
توتنی نووسراوت بۆ کوێ بردووە؟    ئیمزای مالیەت، کوا وەرگرتووە؟
هێندە پوڵ درا بە بیانووی قشوون    وشتر بە بێگار دەگرن بە قانوون
نە ئاغاوەت مان نە میر و مەزن    هەرزن و بزن چیایە مە زن

لە ساڵی ١٩٢٦ کە سمکۆ بەرەو ڕەواندوز پاشەکشەی دەکا، سەیفی قازی لە شاری ورمێ دەبێ و هەر لەوێ لە ژێر تەئسیری ئەم ڕووداوەدا ڕوو دە خودا دەکا و هۆنراوەیێک دەڵێ. لە بن هۆنراوەکەش بە خەتی خۆی و بە زمانی فارسی ئەو دێڕانە دەنووسێ: « لە تاریخی مانگی ربیع الثانی لە شاری ورمێ بە بۆنەی ڕووداوی سمایل ئاغای شکاک کە خۆی ڕانەگرت و بەرەو ڕەواندوز پاشەکشەی کرد چونکە چەکدارەکانی بە جێیان هێشت، گوتراوە»[31]، کە لێرەدا چەند

شێعرێکی دەخەینە ڕوو:

کوردین و بێ کەسین و لە هەر لایە دەرکراو
دەستێ وە دەس مە دە، کە لە ڕێت ئێمە لانەدا
دنیا کە سیجنی موئمینە، فەرمووت و دات خەبەر
هەر بۆمەیە لەگەڵ مە، هەر لە ئێمە ڕوو دەدا
لێمە نە شا و نە ئەمیر، نە سەردار و نە وەزیر
نە حاکم و نە نایب، نە سەرتیپ و نە سوپا
نیمانە مەرکەزێکی کەوا پاڵی پێوەدەین
نە مەزن وگەورەییێکی کە بۆیان بەرین پەنا
پاڵەستۆدان و جواب، فرێدان لە پللەکان
دەست پێوەنان، پشتەملە، زللە و گێت و نەیا[32]
نە مەدرەسە، نە دەرس، نە عیلم ونە سەنعەتێک
زوڵمە لەگەڵ مە هەرکە بە چاوێک نەکەن نیگا
ئاخر بە زاتی تۆیە ئۆمێدی نەجاتی مە
ڕازی لە ئۆمەتی تۆ، میللەتێک بێ فەنا؟![33]

ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە و زۆریش گرینگە، ئەوەیە کە سەیفولقوزات دوو وشەی «ئۆمەت»و «میللەت»ی بەو پەڕی ژیرانە دەکارهێناوە کە یەکەمیان مانای گشتی و دینی هەیە و دووهەمیان مانای سیاسی، واتە کوردیش هەقی خۆی هەبێ وەک هەموو ئۆمەتی خودا، دەوڵەتی میللی خۆی دابمەزرێنێ. هەر وەک دواتر دەردەکەوێ، ئەم شێوازی نیشتمانپەروەرانەی سەیفی قازی، شەقڵی خۆی لە سەر خەرمانی سووربووی شێعری سەردەمی کۆمار دەدا... کە هیوادارم بتوانم لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەو باسە درێژە پێبدەم.

**پەراوێزەکان:**

١) واسیلی نیکیتین، **کرد و کردستان**، ترجمە محمد قاضی، ص ٥٨٥.

٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ـ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥، ل ٦١تا ٦٣.

ـ کەریم حسامی، **پێداچوونەوە**، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ل ٢٣تا ٢٩.

ـ ابراهیم افخمی، **تاریخ فرهنگ وادب مکریان**، انتشارات محمدی ـ سقز، ل ١٩٩.

٣) مامۆستا خاڵەمین، زیدی من کۆکە، **گۆڤاری سروە**، ژمارە ٢٠، ڕەشەمەی ١٣٦٦، ل٢٥.

٤) دکتۆر مارف خەزنەدار، **لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە**... بەغدا ١٩٨٤. ئەم پارچە شێعرە هەم لە کتێبی دوکتور مارف خەزنەدار دا ناتەواو بوو، هەم لە نووسراوەکەی خاڵەمین دا(سروەی ژمارە ٢٠، ل٢٥)، بە یارمەتی هەردووک نوسخە ئاوام لێکرووە کە دەیبینن.

٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **نووسراووەکانی دوکتور مستەفا قازی(شەوقی) لە گۆڤاری ژین دا(١٩١٨-١٩١٩)**، گردەوەکۆیی: حەسەنی قازی، مارسی ١٩٩٤، ل ١.

٦) ئەحمەدی شەریفی، دوکتور مستەفا شەوقی، سروە، ژمارە٦٢ خەرمانانی ١٣٧٠، ل ٢١-٢٣.

٧) **سووش**: گیایەکی بۆن خۆشە(هەمبانە بۆرینە: هەژار، ل ٤٢٨). لەم نووسراوانەی کە ئەمن لە گۆڤاری سروە، ژمارە ٦٢، ل ٢٢؛ هەروەها لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١١٢ ساڵی١٩٨٦، ل ٨٥، دیومن، ئەو وشەیەکراوەتە:«سوێسن» و «سەوسەن» کە هەردووکیان هەڵەن و دروستەکەی هەر«سووش»ە.

٨) **بەشر**(بشر): نکورویی، گشادەرویی، تازەرویی، فرهنگ معین، ص ٥٤٠؛ لێرەدا وشەی ڕوو بەشر بە واتای ڕووگەش، خۆش ڕوو، ڕووگراوە هاتووە (لێرەدا مانای ڕووهەڵماڵاوی دەدا)؛ کەچی لە ڕێنووس و مانای ئەم وشەیەشدا هەر هەڵە کراوە. بڕوانە سەرچاوەکانی پێشوو(خاڵی ٧).

٩) **دەقی ئۆفسێت، نووسراوەکانی**... گردەوەکۆیی: حەسەنی قازی، ل٦و٧.

١٠) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **زندگی نامە عارف ربانی ... شمس الدین برهانی**، تالیف: ابوبکر خوانچە سپهرالدین، ص ٢٢١ تا ٢٣٦.

١١)د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

١٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

١٣) بڕوانە:سەرچاوەکانی پەراوێزی خاڵی ٢.

١٤) **ڕۆشنبیری نوێ**، ژمارە١١٢، ساڵی ١٩٨٤، ل٨٣.

١٥) سەرچاوەی پێشوو. ل ٨٤.

١٦) **ایران نامە**، سال چاردهم، شمار ١، زمستان ١٣٧١، ص ١٣٦.

١٧) هەمان سەرچاوە... ص ١٣٧.

١٨) **ایران نامە**، سال سیزدهم، شمارە ٤، پییز ١٣٧٤، ص ٥٣٩.

١٩ **ایران نامە**، سال دوازدهم، شمارە ٣، تابستان ١٣٧٣، ص ٤٨١.

٢٠) کەریمی حسامی، **پێداچوونەوە**، ل ١٤٨.

٢١) بۆ سەرجەمی پارچە شێعرەکە بڕوانە: جەمال نەبەز، **گۆڤاری نیشتمان** ... ژمارە١، ل ١٩تا ٢٢، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ـ سوێد، ١٩٨٥.

٢٢) ابراهیم افخمی، **تاریخ و فرهنگ**... ، ل ٤٠٠؛ هەروەها، **خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو(چهره مهاباد)**، ١٣٧٤، ل ١٩٦.

٢٣) مامۆستا هێمن، سروە، ژمارە٣٤، ل ٤٢، بانەمەڕی ١٣٦٨.

٢٤) **مامۆستای کورد**، ژمارە ١١-١٢، هاوینی ١٩٩١، **لە مەڕ ژیان و** ... هەژار، ل ٦٧.

٢٥) بڕوانە پەراوێزی خاڵی ٢٣، ل ٤٢.

٢٦) سەرچاوەی پێشوو...

٢٧) هێمن، **تاریک و ڕوون**، ل ٩.

٢٨) هێمن، **پاشەرۆک**، ل ٤١و٤٢، انتشارات سیدیان، ١٣٦٢.

٢٩) هەژار، پێشەکی **دیوانی سیف القضات**، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل ١٠.

٣٠) شێعرەکان لە **دیوانی سیف القضات**، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، وەرگیراون. لە دیوانەکەدا ساڵی قران و دانانی هۆنراوەکە هەزار و سێسەد وچاردە نووسراوە، بەڵام ئەو دیوانەی کە لەلایەن شادڕەوان دوکتور ڕەحیمی قازی بۆ من بەیادگار ماوەتەوە، لە سەر ئەساسی ئەو نوسخەیەی کە لە باکۆ هەیبوو هێندێک شوێنی بە خەتی خۆی گۆڕیوە و یەک لەوانە (چاردە)یە کە کردوویەتە(دوازدە).

٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦و ٢٧.

٣٢) گێت: وشەییکی تورکی یە بە مانای بڕۆ، نەیا: وشەیێکی فارسی یە بە مانای مەیە.

٣٣) لە هێندێک شوێن بۆ ڕاستکردنەوەی کێش و ئاهەنگی شێعرەکان، سووکە دەستکارییێک کراوە.

# ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان

### (سەردەمی کۆماری کوردستان)

### (٢)

**س.ج. هێرش**

لە بەشی یەکەمی ئەوباسە(گزینگ، ژمارە ١٣، ل ٦٣-٧٠) دا، ئیشارەکرا کە بە هۆی پێشێلکرانی مافی نەتەوایەتی و سیاسی و تەنانەت ئینسانی وکولتوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لەلایەن دەولەتی ڕەزاشای پەهلەوییەوە، یەکێک لە ئەرک و ئامانجی ڕۆشنبیران و شاعیرانی نیشتمانپەروەر، وەخۆخستنی هەستی نەتەوایەتی و هاندانی بیری کوردایەتی بووە لە عاست سیاسەتی کوردتواندنەوەی حکومەتی ناوەندیدا. هەروەها گرینگترین چەکی بەرەنگاریش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە، کە توانیبێتی لە نێوان مانی فیزیکی و ئیتنیکی تا مانی مەعنەوی و میللی چەشنە بالانس و پارسەنگێک ڕاگرێ، شێعر بووە. کەوابوو ئەگەر بمانەوێ باری شێعر و شاعیری لە نێوان سالانی ١٣٢٠-١٣٢٥(١٩٤١-١٩٤٦) شیبکەینەوە، بێشک دەبێ لەو ویست و ئامانجانەیان گرێبدەینەوە کە لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە نێو کۆمەلگەی کوردەواریدا بە هۆی شاعیرانی دەستەی یەکەمی لقی موکریانی سەر بە ڕێبازی سۆرانی سەریان هەلداوە و بە هۆی شاعیرانی دەستەی دووهەم (کە جگە لە «سەیفولقوزات» زۆربەیان تازەکار بوون) پەرەی پێدەدرێ و لە هەر سێ دیاردەی بەیەکەوە گرێدراوی «کۆمەلەی ژ.ک» و «حیزبی دێمۆکراتی کوردستان» و «کۆماری کوردستان» ڕەنگ دەدەنەوە.

هەوڵ و خۆشکردنی بەستێنی بیر و بۆچوونی نەتەوایەتی بۆ وەدیهێنانی مافی ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان، بەر لەوەی بە هۆی ڕێکخراوێکی سیاسی دەست پێبکرێ، لە شکڵ و چوارچێوەی شێعردا خۆی نواندووە کە سەرەتای پرۆسەکەشی دەگەڕێتەوە سەردەمی خانی لە «مەم و زین»دا. دیارە بە پێی ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان واقیعی مێژوویی و کر و ئاکاری کۆمەلایتی کۆمەلگەی کوردستاندا هەبووە، ئەو پرۆسەیە لە هێلێکی ڕێکوپێک وڕاستەکیدا بەرەو پێش نەچووە و زۆرجار لە بەرانبەر لەمپەر وکۆسپەکاندا، کوێر بووەتەوە.

ڕێبازی شێعر بەتێکڕایی لە کۆمەلگەی کوردەواریدا بەر لەوەی لە گەوە و پێچی واقیعە مێژووییەکان تێپەڕێ و پێ بنێتە نێو جەغزی واقیعە کۆمەلایەتییەکان ئەو ئامانجانانەی لەبەر چاو بووە:

ـ بووژاندنەوەی زمان و کولتوور وەک یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دیاردەی نەتەوایەتی.

ـ بەرجەستە کردنەوەی هۆ و ئامرازی دواکەوتوویی، هاندان و وەخۆخستنی هۆز وعەشیرەت و ڕێبەرە ئایینییەکانی کۆمەلگەی کوردەواری بۆ تێپەڕکردنی قۆناغی ژیانی خێلەکی بەرەو ژیانی شارستانی.

ـ سەرکۆنەکردن و لەقاودانی ئاکار وکردەوەی دژی نەتەوایەتی بەشێک لە چین و توێژەکان وەک لەمپەری سەرەکی و جەمسەری ئالقەی پێوەندی لەگەڵ دەولەتی نەتەوە سەردەستەکان

ـ بیرخستنەوەی زوڵم و زۆری و سەرەڕۆیی کارگێران و بەڕێوەبەرانی سیاسەتی دەولەتی ناوەندی و جەخت کردنەوە و وەدەستهێناوەی مافە زەوتکراوەکان.

ـ پەسن و پێهەلگوتنی تۆخمە جۆراوجۆرەکانی ماکەی خێر(سروشتی و ئەفسانەیی و ئینسانی) و ماکەی شەڕ(شەیتانی و نەفسانی و نائینسانی).

ـ دەرخستن و نواندنی هۆ و دیاردە دەرەکی و ناوەکییەکانی کۆمەلایەتی و پڕڕەنگ کردنەوەی دروشم و داوخوازەکان وەک ڕەمز و سیمبۆلی نەتەوەیی.

ـ وەڕووخستنی ئەرک و ئاوات و ئامانجەکان بۆ پێکهێنانی دەولەتی یەککگرتووی نەتەوەیی.

ئێمە ئەگەر بەو خسلەت و تایبەتمەندییانەی سەرەوە، ڕێبازی شێعری ئەو سەردەمە بنوارین، بەو ئاکامە دەگەین کە بەر لەوەی کۆماری کوردستان(وەک شکلێک لە دەولەتی یەککگرتووی نەتەوەیی) لە چوارچێوەی واقیعی کۆمەلایەتیدا دابمەزرێ، لە چوارچێوەی شێعری کوردیدا دامەزراوە. «سیفولقوزات» دەلێ:

کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
دێین و دەچین و، بۆ مە قەت، نییە خودان وخێو
خەلکی هەمووی لە باغ و لە شارانە کەیف خۆش
ئێمە بلاو و بێ سەرە ماوین لە دەشت و لە کێو!
بۆ عاسمان دەڕۆن و لە بەحران دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سنعاتە وەرد و شێو
ژێردەستیی و، ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی؟
شەرمە لە بۆ مە هێندە بژین بێ نیشان و نێو
ئازادی، سەربەخۆیی، میری و گەورەیی
داوا بکەن بە زار و زبان و ددان و لێو[1]

کاتێک «هێمن» شاعیری لاوی ئەو سەردەمە لە هۆنراوەی «کوردم ئەمن»دا دەلێ:

گەر لە برسان ولەبەر بێ بەرگی ئەمڕۆ ڕەق هەلێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەلێم کوردم ئەمن[2]

دیارە مەبەستی «هێمن» لە(کوردبوون) تەنیا مانا ئیتنیکییەکەی نییە بەلکوو ناوەرۆکی نەتەوەیی ـ سیاسییەکەیەتی کە لە بەرانبەر بیر و بۆچوونی نەتەوەخوازی(ناسیۆنالیزم)ی ئێرانی دا دەریدەبڕێ و ڕایدەگەیێنێ.

هاوکات لەگەڵ هەلائیسانی ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێوان سالەکانی ١٣٢٠)١٣٢٥(١٩٤١)١٩٤٦)ەوە و وەلانانی ڕەزاشای پەهلەوی لە سەر تەختی پادشایەتی لەلایەن دەولەتە هاوپەیمانەکانەوە، بارودۆخ و بەستێنێکی زۆر لەبار، لە کوردستانی ڕۆژهەلات(موکریان) دێتە ئاراوە کە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی کورد بە نێوی «کۆمەلەی ژ.ک» وەک ڕەنگدەرەوەی ویست و خوازی نەتەوایەتی و مێژوویی زۆربەی خەلکی کورد لەدایک دەبێ و تێکۆشانی خۆی لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا دەخاتە نێو جەغزێکی بیرکردنەوەی نوێ و ئەوڕۆیی؛ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان زیاتر شێوەی کاری سیاسی بە کاربڕ دەزانێ تا بەکارهێنانی چەک و شێوەی زەبر و زەنگ.[3]

هەر لەسەرەتای دامەزرانی «کۆمەلەی ژ.ک»ەوە، سەرەڕای چەند کەس لە شاعیرانی موکریان کە تێیدا دەبنە ئەندام و لە گۆڤاری «نیشتمان» ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیەدا، چالاکی قەلەمی و شێعری خۆیان دست پێدەکەن؛ گەلێک شاعیر و نووسەری بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەتایبەت کوردستانی گەرمێن لە دەورەی کۆدەبنەوە و بۆ پێکهێنانی دەولەتی یەککگرتوو(جەمهووری) تێدەکۆشن. شاعیرێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە، لە هۆنراەی (بیکەین بە جەمهووری)دا، بە ڕوونی ئەو مەبەستەی دەخاتەڕوو و دەلێ:

برا بیری چرایێکی بکەن تاریکە شەو دادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەن، بە جەمهووری
کەسێ میللەت پەرست و خاوەنی فیکر و سیاسەت بێ
تەرەققی میللەت و ئاسایشە مەقسوود و مەنزووری[4]

به پێچەوانەی بیر و بۆچوونی نەیارانی کورد، «کۆمەڵەی ژ. ک» نە تەنیا سەر بە هیچ هێزێکی دەرەوەیی نەبووە، بەڵکوو وەک یەکەمین ڕێکخراو و سەنگەری سەربەخۆی خۆماڵی لە نێو دڵی نیشتماندا سەری هەڵداوە و هەڵگری ئاڵای ڕزگاری و سەربەخۆیی بووە و ڕاگر و پەرەپێدەری بیری نیشتمانپەروەری.

«هێمن» وەک ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە و نووسەری گۆڤاری «نیشتمان» بە ئاشکرا داوای مافی پێشێلکراوی خۆی دەکا و دەڵێ:

کوردم و داوای حقوقی پایەماڵی خۆم دەکەم
ماڵی خۆمە مڵکی کورد؛ داوایی ماڵی خۆم دەکەم
گەرچی لای ئاغا خەیاڵی خاوە فیکری میللیەت
من لە لام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم
من لە دەست بێگانە قەت ناکەم شکایەت ئەی ڕەفیق
گەر شکایەت کەم لە چەنگی مام وخاڵی خۆم دەکەم
یا دەڕێژم خوێنی پاکی خۆم لە سەر ئەم مەقسەدە
یا نە فیکرێک بۆ برای ڕووت و ڕەجاڵی خۆم دەکەم
چاوەدێری ڕۆژی خۆشی جێژنی سەربەستیم ئەمن
گەر مودارا وا دەگەڵ ئەم ڕۆژی تاڵی خۆم دەکەم[5]

لەگەڵ داگیرکرانی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە (بەشی باشوور: ئینگلیس و ئەمریکا، بەشی باکوور: یەکیەتی سۆڤیەت)، ناوچەی موکریان و بەتایبەت شاری مهاباد، دەبێتە ناوچەیێکی ئازادکراو و زۆربەی کاروبارەکانی ئیداری و خۆماڵی بە دەست کوردانەوە ڕادەپەڕێ. بەڵام سەرهەڵدانەوە و تۆخبوونەوەی مەسەلەی هۆز وعەشیرەتەکانی کوردەواری کە لە نێو جەغزی بەرژەوەندخوازیی خێڵەکیدا قەتیس مابوونەوە و ئاگایی نەتەوەییان لەو پلەیەدا نەبوو کە بەرەوئامانجە سەرەکییەکان هەنگاو بنێن؛ بۆ «کۆمەڵەی ژ.ک»، کۆسپێکی بەرچاو بوو. دەوڵەتی ناوەندی ئێران، کە بە کردەوە وزەی مانۆڕدانی لە ناوچەی موکریان و دوروبەردا نەمابوو، بۆ بەرژەوەندی خۆی، لەو دیاردەیە کەڵکی وەردەگرت. جێی سەرنج ئەوەیە کاتێک دەوڵەتی سۆڤیەت ژمارەیێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بۆ باکۆ(١٩٤١) بانگهێشتن دەکا، دەوڵەتی ناوەندیش ترسی ڕێدەنیشێ و ئەویش هێندێک سەرۆک عەشیرەتی دیکە بۆ تاران بانگ دەکا و بە پارە و دراو و باربووکردن پلانەکانی خۆی بە هۆی ئەوان لە ناوچەی موکریان دادەڕێژێ.... لەلایێک گەنمی ناوچەی موکریان بە نرخێکی هەرزان دەکڕن تاکوو خەڵکی کوردستان تووشی ئاستەنگی و دستەنگی و برسیەتی بکەن. لەلایێکی دیکەوە کۆپینی قەند و شکر بە سەر ئەو سەرۆک عەشیرەتانەدا دادەبەشنەوە تا زاریان شیرین بکەن و دژی ئامانجەکانی «کۆمەڵەی ژ.ک» هانیان بدەن. هەربۆیەش ناوەرۆکی شێعری زۆربەی شاعیرانی سەر بە «کۆمەڵەی ژ.ک»، سەرکۆنەکردنی ئەو کارونائاکارانە و بەربەرچدانەوەی ئەو پیلان و پروپاگەندانە بووە کە دژ بە کۆمەڵە وەڕێدەخران.

«هەژار» کە یەکێک لە چالاکترین یارانی کۆمەڵە بووە، لە زۆر شوێنی «دمەتەقێ»یەکانیدا باسی ئەو ئاکارە ناشیرینانە دەکا و بۆ نموونە دەڵێ:

بایز ــ ئەدی ئاغامان خەریکی چییە؟
لەمێژە ئاگام لە حاڵی نییە
باپیر ــ ئەمن چوزانم هیچ ناسەلمێنێ
خەریکە دیسان قەندی بستێنێ
بایز ــ جا قەندی بۆچی دەدەنێ کاکە؟
خۆ ئاغا نەیبووە قەت بۆ وان چاکە
باپیر ــ قەندی دەدەنێ، دەبەستن دەستی
هەتاکوو نەکا بیری سەربەستی
بایز ــ لەباتی قەندی چی دەدا قیمەت؟
شەڕەف و نامووس، ویجدان و غیرەت...[6]

«هێمن» لە پارچە هۆنراوەی (ئەمن دەیڵێیم وبێ باکم)دا، کردەوەی دزێوی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە لەقاودەدا و دەڵێ:

ئەوەندە گێژ و بێهۆشن، حەیا و نامووس دەفرۆشن
لە بۆ ئازادی ناکۆشن، ئەمن دەیڵێیم و بێ باکم
خودای ئەم میللەتە قەندە، لە بۆ قەندن هەموو بەندە
بە حاڵی وان دەکەم خەندە، ئەمن دەیڵێیم و بێ باکم[7]

«هەژار» لە هۆنراوەی(بەخت و عەقڵ)دا سەبارەت بەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە سەرەڕای ئەو هەموو بێ حورمەتییەی کە لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە پێیان کرابوو، بەڵام هێشتا دەستیان لە کاری دزێو و شەڕەخۆری هەڵنەدەگرت، دەڵێ:

کامەیان دەوڵەمەندە مەرد و ڕەند
تۆنێ نامووس دەدا بە تۆنێ قەند
کێهە یەکجار نەجیب و ژیر و کوڕە
دەچتە سەودا، شەڕەف دەدا بە شەڕە[8]

مەسەلەی وەرگرتنی کۆپینی قەند و شکر، ئەوەندە گرینگ و بەرچاو بووە تەنانەت «هەژار» لە یەکێک لە جوانترین و پاراوترین غەزەلەکانی خۆیدا دەیکاتە ئیستیعارەی شێعری و دەڵێ:

ڕوحت بردم بە قەندی لێوەکانت
دەزانی کورد بە قەند وێرانە ماڵە[9]

هەروەک دەزانین، کەسانێک هەبوون کە بە پروپاگەندەی نارەوا بۆ «کۆمەڵەی ژ.ک»یان تێدەچاند و بە سووکی باسیان دەکرد، «هەژار» لە هۆنراوەیێکی دا لە عاست ئەو کەسانە هەڵوێست دەگرێ و دەڵێ:

لە خۆشی کۆمەڵەوە چەند خۆش ورینگە ورینگم
بزانە کوردە ئەمن کێم کە هێندە ژیر و زرینگم
بە ڕێی نەجاتی وەتەن دا دەڕۆم بە عەزمی مەتین
موحافیزی وەتەن ئەمنم مەتاڵی گوللەیە سینگم
لە عیشقی شیرینی میللی لە بیستوونی موخالیف
لە باتی تیشەیی فەرهاد ئەمن مژۆڵە قولینگم
لە دەم بڕینی ئەوانەی لە کۆمەڵەم بەدگۆن
لەبار وتیژە دەمی، موو دەکا مقەست وبرینگم[10]

مەسەلەیێکی گرینگی دیکە کە لەو سەردەمەدا سەرنجی شاعیرەکانی ڕاکێشاوە، مەسەلەی «ژن»بووە. هەروەک دەزانین، «ژن» لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، شان بەشانی پیاوان لە زۆر کاری سەختی قۆناغی هەرەوەزی(نێوماڵ و مەزرا و زەویوزار)دا بەشداری کردووە و بگرە زۆرجار ئابووری ماڵەوەشی بەڕێوەبردووە. یەکێک لە دیاردە نوێیەکانی شێعری ئەو سەردەمەی کوردستان، سەرنجدان بەو مەسەلەیە بووە کە «ژن (دایک)»یش ــ وەک نیوەی کۆمەڵگە ــ دەبێ لە پرۆسەی ژیانی کۆمەلایەتی و شارستانی و بەتایبەت لە تێکۆشانی سیاسیدا بەشدار بێ...

«هەژار» لە هۆنراوە زۆر بە نرخەکەی:«لای لایە»دا، هەوڵ دەدا لە زمان دایکانەوە کە جگەرگۆشەکانیان بە دەست دوژمنی زاڵم لە ناودەچن، ئەو مەبەست و ئامانجە زەق کاتەوە کە لە بەشێکیدا دەڵێ:

بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم
سەد تاڵ و سوێریت لە سەر دەچێژم
ئەمامی بالات بە فرمێسکی چاو...
شەو و نیوەشەو لێی دەنێم شەواو
سەدچاک و پیرت بۆ دەخولێمەوە
لە بن سێبەرت بحەسێمەوە
هەر ڕەسیدە بووی دوژمنی زاڵم
دەتبرێ بزەیی نایە بە حاڵم

هەی لای لایە رۆڵە لای لایە
دەک خاکم بەسەر رەنجم بە بایە
بەشیو پێت خۆشە یەخسیر نەمێنی؟
سەربەستیت پێ بڵێم بکەویە شوێنی؟
قەڵەم دەست دەیە، ببە مەکتەبی
وەخت و بێوەخت لە خوێندن نەبی
ئەو کاتی لەگەڵ کاکت دووبەدوو
بکەن هاواری حەقی لە دەست چوو
دەس دەنە دەس یەک بە را و تەکبیر
یەکتان بە قەڵەم یەکتان بە شمشیر
هەی لای لایە رۆڵە لای لایە
شیریش جەوهەری لە قەڵەم رایە [11]

«هێمن» لە هۆنراوەی«ناخافتنی خوشک و برایان» بۆ یەکەم جار ئەو مەبەستەلە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا باس دەکا و لە زمان برایانەوە خوشکان بەرەو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان هاندەدا و دەڵێ:

دیدەگیان، کچی کوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دوور بێ لە پەڵە
«لەنین» هەڵستا زوڵمی «چار»شێوا
تۆ هێشتا حەپسی لە نێو چارشێوا
کچی هەموو کەس ئێمڕۆ سەربەستە
هەر هەقی کچی کوردی پێ بەستە
بپسێنە لەپێ تۆ زنجیر و کۆت
«دیدە» گیان بدە یاریی «برا»ی خۆت
لە ڕێی نیشتمان بە هیوای خودا
خەریکی کار بین با خوشک و برا
لە گوێن «ژاندارک» هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان [12]

ئاشکرایە کە«هێمن » لێرەدا ویستوویە بە تیرێک دوو نیشان بنگێوێ: یەک؛«ژن» لە کۆت وزنجیری کۆمەڵایەتیدا ئازاد ببێ و دوو؛ بە هۆی بەشداری «ژن» لە خەباتدا، نیشتمان رزگار بکرێ...

هەروەک دەزانین و زۆریش روونە، هیچکام لە دامەزرێنەرانی «کۆمەڵەی ژ.ک» و تەنانەت دواتریش بەرێوەبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، خاوەنی ئیدەئۆلۆژی چەپی سەر بە سۆڤیەت نەبوون. بەڵام هەروەک لە سەرەتای چالاکی کۆمەڵە را دەردەکەوێ، سیاسەتی کۆمەڵە و تەنانەت بەشێک لە پیاوماقوولانی سەر بە چین و توێژەکانی شار، بە تێکرایی پێشبردنی خەتێکی گشتی لایەنگری بووە لە هێزی هاوپەیمانەکان( ئینگلیس و ئەمریکا، سۆڤیەت) لە ناوچەدا. کاتێک یەکیەتی سۆڤیەت بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لە ناوچەدا بۆی رەخسا و توانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە لە نێو چوارچێوەی سیاسەتی گشتی خۆیدا ئاوڕ وە مەسەلەی کوردان بداتەوە؛ هیوا و هومێدێکی زۆر کەوتە نێو دڵی بەشێک لە بەرێوەبەرایەتی «کۆمەڵەی ژ.ک»ەوە ( بەر لەوەی بە «حیزبی دێمۆکرات»وەرچەرخێ). دیارە ئەو دیاردەیە سەرۆک عەشیرەت و هۆزەکانیشی دەگرتەوە کە ساڵی ١٩٤١ بەشێکی زۆریان بۆ باکۆ بانگهێشتن کرابوون، کە هەر لە نێو ئەو داروەستەیەدا لایەنگرانی خەتی ئینگلیس و ــ هەر بەو پێیەش لایەنگرانی خەتی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی ئێران دەبیندران.

هەروەک لە ئاکامی رووداوەکانیش را دەردەکەوێ، خەتی لایەنگری گشتی کاتێک بە لانی سۆڤیەت پڕ رەنگتر دەبێتەوە کە بۆ «کۆمەڵە» و تەنانەت بۆ زۆربەی پیاوماقوولان و رۆشنبیرانی کورد روون دەبێتەوە کە ئینگلیس خوازەری لایەنگری لە مافی کوردان نییە( پێشێل کردنی پەیمانی«سێڤر» ، سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شێخ مەحمودی نەمر و دواتر بۆمباران کردنی ناوچەی بارزانییەکان و هاتنی ئەوان بۆ ئێران... بەڵگەیێکی ئاشکرای ئەو ناخۆشەویستییە بوون). هەرچەند خەتی هیوا بەستن بە دەوڵەتی ئینگلیس تەنانەت لە نێو بەشێک لە رۆشنبیرانی پێشکەوتووی سەر بە «کۆمەڵەی ژ.ک»یش هێشتا تەواو رەش نەبووبۆوە، بەڵام ئینگلیس بە پێی سیاسەتی بەرژەوەندخوازی خۆی نەیهەویست یارمەتی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بکا.

لە ڕاستیشدا ئەوکاتە، قورسایی چالاکی و سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیس لە بەرانبەر ئالمان(و تەنانەت سۆڤیەتیش کە هاوپەیمانی خۆی بوو) زیاتر کەوتبوە ناوچەی ئەوتەلانی کوردستانی گەرمێن و بایەخێکی ئەوتۆی بە مەسەلەی کورد نەدەدا.

«فایق بێکەس» شاعیری ناودار و ئەندامی کۆمەڵەی «ژ.ک/ هیوا»لە هۆنراوە بەناوبانگەکەی خۆی ــ بیست وحەوت ساڵە ــ کە لە ئاهەنگێکدا لەبەردەم «ئیدمۆندز»کاربەدەستی دەوڵەتی ئینگلیس دەیخوێنێتەوە، سیاسەتی دژایەتی ئینگلیس لە عاست مەسەلەی کوردان بە روونی دەردەخا، کە لێرەدا بڕگەیێکی دەخەینە روو:

بیست وحەوت ساڵە دڵم لێت پڕە
ئەحوالم بە دەست تۆوە زۆر شڕە
سەد بەڵێن بدەی لە لای من تڕە
بەسیاسەتی ئیتر ئەم وڕە ــ وڕە
نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدڕە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟![13]

دیارە رەوا نییە لە سەکۆی تێخوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەوە نوێییەکانی ئەورۆ را چاو لە دۆینێی ئاڵۆزی ئەو سەردەمە بکەین، بۆیە دوور لە هەر چەشنە خۆش خەیاڵی و بەرچاوتەنگی و پاکانەکردنێک، لێرەدا هەوڵ دەدەین هۆی ئەو دیاردەیە واتە پێوەندیی سیاسی کورد و سۆڤیەت کە تانەت بەستێنی شێعر و شاعیریشی گرتەوە، روون بکەینەوە:

١) سیاسەتی زوڵم و زۆری و سەرەڕۆیی حکومەتی سەردەمی رەزاشای پەهلەوی دەرهەق بە کوردان ئەوەندە توند و تیژ و دڕندانە بوو، تەنیا پریشکەیێک پێویست بوو کە ئاگری خەبات لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەڵایسێنێ و، ئەو پریشکەیەش بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانی و هاتنی هێزی هاوپەیمانەکان و وەلانانی رەزاشا، کەوتە نێو باڕووتی ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکان.

٢) هەڵسوکەوت و ئاکار و رەفتاری «ئەرتەشی سوور» لە بەرانبەر خەڵکی بێچەکی کورد، بەتایبەت بە بەراوردکردن لەگەڵ تالان و بڕۆ و کوشتاری «ئەرتەشی سپی» شەڕی یەکەمی جیهانی کە تائەوکاتیش لە زەینی خەڵکیدا مابۆوە[14]؛ وەک فریشتە دەهاتە بەرچاو.

٣) تا ئەوکاتە هیچ هێزێکی گەورەی هەندەری نەبوو کە لە مافی گەلی کورد پشتیوانی بکا، تەنانەت ئەگەر ئەو پشتیوانییەی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ماوەییێکی کاتیش بووبێ، توانی وەک پارسەنگێک لە ناوچەدا، مانۆری دەوڵەتی ناوەندی لە سەر کوردان لاواز و بێ بایەخ بکاتەوە.

٤) نە ئینگلیس و نە ئەمریکا، حازر نەبوون یارمەتی کوردان بکەن، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە قازی محەممەد پێشەوای گەلی کورد هەر لە سەرەتاوە بۆ نزیکبوونەوە لەوان زۆری هەوڵدا.

٥) بوونی خەتێکی لایەنگری کردن لە دەوڵەتی سۆڤیەتی زاڵبوو بە سەر نازیسم دا لە نێو خەڵکی کورد و بەتایبەتیش لە نێو «کۆمەڵەی ژ.ک» و دواتریش لە نێو«حیزبی دێمۆکرات»، هەڵبەت وەک هێزێکی دۆست و راگری پارسەنگ، نەک وەک هێزێکی مەرامی و ئیدەئۆلۆژیکی.

٦) بارودۆخی ناوچەیی و ژیئۆپۆلیتیکی کوردستان (موکریان) و هەلومەرجی سیاسی و دیپلۆماسی.

٧) بەشداری نوێنەرانی ڕاستەوخۆی ڕووسەکان لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە ومیتینگەکانی ناوچەی موکریان و پێوەندییان لەگەڵ خەڵکی کورد بەگشتی و سەرۆک عەشیرەتەکان بەتایبەتی.

٨) بلاوبوونەوەی نێو و نیەتی خێرخوازانەی یەکیەتی سۆڤیەت، لە شۆڕشی ئۆکتۆبر(١٩١٧) بەو لاوە.

بەمجۆرە، بە ئاوێتەبوونی سەرجەمی ئەو خاڵانە بەیەکەوە، چارەنووسی مەسەلەی کوردان لە سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت گرێدەدرێ و هەر بەو پێیەش زۆربەی شاعیرانی موکریان بۆ بەرژەوەندی مەسەلەی کورد، ئەو دیاردە سیاسییە لە نێو شێعردا دەگونجێنن.

«سەیفولقوزات» پیرە پێشەنگی شاعیرانی موکریان کە لە ساڵی ١٣٢٣ھ(١٩٤٤)کۆچی دوایی دەکا و ڕووداوەکانی دواتر بەچاو نابینێ، لەوبارەوە گوتوویەتی:

کوردینە ئەورۆ ڕۆژی گەپ وکەیف و شادییە
لەو نیعمەتە کە بۆمە ستالینە حامییە
دەستی وە ئێمە داوە کە چیدی زەلیل نەبین
بانگمان دەکا کە ئێرە جێگەی ئیتمینانییە[١٥]

«هەژار» هاتنی ئەرتەشی سوور، بە(فریشتەی ئازادی) دەشوبهێنێ و لە بەشێکی هۆنراوەی «بەخت وعەقڵ»دا دەڵێ:

هات بە گرمە فڕۆکە لە لای مەسکەو
بۆ عەجەم، وەک شەهێن دەچێ بۆ کەو
هەڵمەتێکی گەیاندە تەختی جەم
تێکی دا شەوکەت وجەلالی عەجەم
بە بلاوبوونی دوو پەڕ ئاگاهی
بوو بلاو ئارتیشی شاهەنشاهی
شا کە شێر بوو لە ڕاوی مسکین دا
دیم کە مشکە لە ژێر ستالین دا
ئەوی خواردی گەرووی جەفاوجەوری
دی، فڕۆکە و ڕشایەوە فەوری
چ فڕۆکێک؟ موجەسسەمەی شادی
کێی تێدابوو؟ فریشتەی ئازادی[١٦]

«کۆکەی سانی» وەک کەسێک کە «غافڵ لە وەزعی ڕۆژگار»بێ، مژدەی پێدەگا و دەڵێ:

مژدەیان دامێ کە تۆی غافڵ لە وەزعی ڕۆژگار
تۆ مەگەر نەتبیستووە یەک دەوڵەتی شەوکەت قەوی
دایرەی فەرهەنگی ئێرانی بە دەستووری سەحیح
تا نمایش پێ بدا ئەوزاعی کوردی مونزەوی
میللەتی ئێمەش لە سایەی پەرچەمی داس و چەکوچ
فەرشی شادی ڕابخا بیکاتە بەزمی خوسرەوی
خۆ بە گیان و ماڵ و ڕوحیش حازرە هەر ساعەتێک
گەر تەڵەب کەن شاعیری سانی لە نەسلی کۆکەوی[١٧]

«هەژار» و «هێمن» کە دوو ئەندامی چالاکی «کۆمەڵەی ژ.ک» بوون و دواتریش دەبنە شاعیری میللی کۆماری کوردستان؛ «دەوڵەتی سۆڤیەت» وەک بەدیهێنەری ڕاپەڕین و هەستان و پارێزەری کۆماری کوردستان چاوی لێدەکەن. هەربۆیەش قورسایی باری پەسن و تەبلیغاتی ڕەسمی ئەو دیاردەیە سەردەمی کۆماری کوردستان زۆرتر دەکەوێتە سەر شانی ئەو دوو شاعیرە. ئەوان، وێڕای پەسن و تاریفکردنی قازی محەممەد وەک پێشەوا و ڕەئیس جەمهووری کوردستان کە بەهەق لێی دەوەشاوە؛ بۆ خۆشکردنی تەندووری ئاواتەکان، نێوی «هۆردووی سوور» و «ستالین»یشیان دەکردە دەستەچیلەی شێعرەکانیان. «هێمن»لە جێژنی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئالادا، لە بەشێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

ڕۆژی خەم هاتەوە ئەیامی سروور
جێژنەیە و بەزم و زەماوەندە وسوور
تازە ئاوێری بە خاکی واندا
ئەتەوی وغەیرە بکا چیدی عبوور
چونکوو لایەنگری مەزلومانە
چونکوو بۆ کوردی هەژارە چاوسوور
هەربژی تاکوو ئەبەد ئیستالین
پایدار بێ و نەبەزێ هۆردووی سوور
بۆ فیداکاری لە ڕێی کوردی دا
هەر بژی ڕەببی ڕەئیسی جمهوور[١٨]

«هەژار» بە بۆنەی هەڵکردنی ئالا لە شاری بۆکان، لە پارچە هۆنراوەییێکیدا دەڵێ:

بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وایە کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لە سەرمان نارەوێ
ڕێی ئەجاتمانە پەنا بۆ ئیستیحادی شورەوی
سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاکوخۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی(ئیستالین) بژی بۆ لاگری مەزلوومەکان
تا زەمانە خولدەدا و تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ
ڕەببی هەرکەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە
ژێرکەوێ، کوستی کەوێ، ڕەببی سەعاتێک نەسرەوێ[١٩]

«هێمن» لە هۆنراوەی (بەهاری زانین)دا، سوورایی گوڵی مێلاقە بە سەربازی سوور و شێواویی گوڵی سونبول بە سوپای ژاپۆن و ئاڵمان دەچوێنێ و، ئازادی کوردان لە سەرکەوتنی سوپای سووردا دەبینێ کە لێرەدا بەشێکی دەخەینە ڕوو:

ئەوا هات مانگی خۆشی خاکە لێوە
ئەما سەرما و بۆران و کرێوە
لە لێوی جۆگەلە مێلاقە ئەورۆ
لە گوێن سەربازی سوور وێستا بە پێوە
نە وەک کاکۆڵی یارم، بەڵکە سونبول
وەکوو ژاپون و ئاڵمانی پەشێوە
هەموو قەومێک وەسەر کەوتووە لە هەوراز
بەشی تۆ کوردە تاکەی هەر نشێوە
هەتا پێ یێک لە بێرلین بچتە پێشێ
سوپای سوور، دێتە پێش ئازادی ئێوە
بژی مارشال ستالین پێشەوای ڕووس
کە ئازادی لە گێتی دا بەشێوە[٢٠]

«هەژار» شاعیری میللی لە شوێنێکی دیکەدا، بە بۆنەی بەخێرهێناوەی سێ کەس لە دامەزرێنەرانی «کۆمەڵەی ژ.ک»: «دڵشاد ڕەسوولی»، «عەبدولڕەحمانی زەبیحی ــ بێژەن» (خەڵک دەیانگوت: بێژن) و «قاسمی قادری» کە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ورمێ لە لایەن دەوڵەتی ئێران گیرابوون، دیداری سەرلەنوێی ئەوان و «ئیسیقلالی کوردستان»و پەسنی «پێشەوا قازی» و «هۆردووی سوور» تێکدەخاتەوە و دەڵێ:

«بێژەن» کە تۆم دی بەروات ببێ پێم
جێژنی ئیستیقلال تازە بۆوە لێم
«دڵشاد» هەر شاد بی وەک شادت کردم

لە زیندانی خەم ئازادت کردم
«پیاو»ی ئازا و ژیر بەختیر بێتەوە
دوامین گرێی دڵ بەو دەکرێتەوە
پێتان دڵخۆشە دایکی نیشتمان
رووسوورن لە ڕاست ناموس و ویجدان
کۆتایی نەکرد بۆ سەربەرزی گەل
بەڵان رووی رەش بێ لیی قرپاندن قەل
یاخوا هەربژی پێشەوای بەرێز
سەرۆکی گەورە و سەربەرز و بەهێز
شادە کورد هەتا پێشەوا هەیە
خودا شادمان کەی تا دنیا هەیە
بژی هۆزدووی سوور بە فەتح وزەفەر
وەک بۆ هەژاران خۆی کردە لەمپەر[21]

«خالیدی حیسامی ـ هێدی(شێواو)» لە ئاهەنگێکی ئالاهەڵکردندا کە ڕۆژی۱۳۲٤/۱۱/۹ بەڕێوەچووە لە بەشێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

ئێخەی کە قەومی کوردیش پێکهات مەرام ومەیلی
لە هەوری رەش وەدەرکەوت ئەستێرەکەی سوهەیلی
ڕەببی بژی ئیستالین بە هۆی ئەو قارەمانە
کوردیش بە خۆشی ئەوجار گەلێکی نێو گەلانە
هەر شاد بێ ئەرتەشی سوور ئەو لشکرە حەلیمە
تا پشتیوانی چاتر مەحکەم ببێ گەلی مە
پیرۆز بێ جێژنی کوردان دڵشاد بێ لەشکری سوور
هەربژی خۆشەویستمان سەدر و ڕەئیسی جەمهوور[22]

هەر وەک لەو هۆنراوانەی سەرەوەڕا دەردەکەوێ پەسن و پێهەڵگوتنی دەوڵەتی سۆڤیەت، سەرەڕای ئەوە کە تێخوێنەرەوەی بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماسی و ڕەنگدەرەوەی زەوقی کۆمەڵایەتی و بیروڕای گشتیی بووە، تارادەیێکیش جەختکەرەوەی تەبلیغاتی ڕەسمی حکومەتی کۆماری کوردستانیش بووە.[23]

دیارە لە نێو شاعیرانی موکریاندا هێندێک کەس هەبوون لەگەڵ ئەوەش کە پشتیوانیان لە حیزب و کۆماری کوردستان کردووە، بەڵام کەمتر خۆیان لەو دیاردەیە داوە. ئەوانە بریتی بوون لە«خالەمین بەرزنجی»، «هەباسی حەقیقی»، «سەید کاملی ئیمامی ـ ئاوات(زرینگ» و «محەممەدی گلۆلانی(عەتری)» و... کە هەر کام بە بۆنەی جۆراوجۆر شێعریان گوتووە و لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا بەشداریان کردووە. «خالەمین» لە هۆنراوەیێکدا کە لە جەلەسەی ڕۆژی ۱۳۲٤/۸/۲٤دا دەیخوێنێتەوە، لە سەر یەکێتی و برایەتی پێدادەگرێ و دەڵێ:

بە گوێی دا وای سریواندم فریشتە
گوڵی هیوای کوردستان دەپشکوێ
شەفای دەردی دڵە حیزبی دیمۆکرات
دەوایە بۆ برینی جەرگی تۆێ تۆێ
بڵێ: بەو دەستە، دیکتاتۆری زگ زل
زگی دەدڕم لە جێی خۆی هەر ببزوێ
برابن پیاوی چا بن دوژمنی خۆ و
بە هەمووان ڕێی کەون تا ئەسپو دەسوێ
هەتا هەڵکەوتووە بۆت ئەو هەلی خۆش
دەلینگی لێ بدە و قامک مەنێ گوێ
لە بۆ قازانجی کوردان نای پسێنم
ئەگەر سەدساڵی دەستم بەستی بەموێ
ئەگەر خوێندبێتەوە باوەڕ دەکەی پێم
قەسیدەی بانەمەڕ یا خدرە گرۆێ[24]
کە دەستی برا لە هەر کارێکی ببڕێ
بزانە لاقی خۆت دەبڕی بە تەشوێ
ڕەببی هەرکەس لە کوردان مالی تێکدا
شەویلکەی ڕەق بێ چاوی زەق بێ ئەجوێ
تکای خالم لە هێمن هەر ئەوەندە
ئەپێوێ نیوە شێعرانم بە دەزوێ[25]

«سەید کاملی ئیمامی(زرینگ)» لە هۆنراوەیێکدا تاریفی «پێشەوا قازی» دەکا و دەڵێ:

هاتەدەر ئەورۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد
گەینە ئاوات و مەرامی خۆ، هەموو ڕەنجووری کورد
بێ کەس و بێ دەربوون ئەمما تۆ گەیشتی بوویە کەس
هەر بژی بۆ لاگری مە، ئەی ڕەئیس جەمهووری کورد
هیممەتی تۆ بوو لە سەر هەر هەرد و بەرزایی ولات
دەیشەکێنێ بای فەرەح بەیداخی سەوز وسووری کورد
ئەی زرینگ تۆش روح وگیانی خۆت فیدای ئەو زاتە کە
تا بلێن پێت ئافەرین ئەی ڕۆڵەکەی مەشهووری کورد[26]

«هەباسی حەقیقی» لە هۆنراوەیێکدا بە بۆنەی جێژنی هەڵکردنی ئالا لە شاری بۆکان، کوردەکان بۆ پاراستنی نیشتمان و ئالای کوردستان کە وەک ڕۆژ لە بورجی منارەنگ هاتووە دەرێ هانددا و دەڵێ:

هاتەدەر ڕۆژ لە بورجی مینارەنگ
لاچوو تاریکی تێپەڕی شەوەزەنگ
گوڵی شادی لە باغی ئازادی
هاتە دەر زۆر بە ناز و عیشوە و ڕەنگ
بولبولی نیشتمانی کوردستان
دەچریکێنێ بۆی، بە سەد ئاهەنگ
حافزی نیشتمان و ئالا بن
مەپرینگێنەوە لە تۆپ و تفەنگ[27]

«محەممەدی گلۆلانی(عەتری)» کە یەکێک لە شاعیرە بە تەمەن و خاوەن ئەزموونەکانی موکریان بووە و زۆرتر ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لە قالبی غەزەلدا دەربڕیوە، لە هۆنراوەیێکیدا لە زمان (دایکی وەتەن)ەوە خۆشحاڵی خۆی وێڕای پەسنی قازی محەممەد، لە وەزعی پێکهاتوو ڕادەگەیێنێ وەدەڵێ:

لاوەکان دایکی وەتەن ئەورۆکە زۆر خۆشحالە لێو
چون لە سەر نێو ونیشانی، دەستی مەردیو کردەوە
ئەی بژی (سەدری موعەززەم) پێشەوای قەومی کورد
چون لە سەر تەختەی زەمانە ئەردی کوردی بردەوە
هەر بژی (سەدری موعەززەم) ڕێنوێنی قەومی کورد
هەر بژی،، ناموسی نۆ میلیۆنی کورد کۆ کردەوە[28]

بە گوێرەی ئەو بەڵگە شێعرییانەی کە لێرەدا وەک دەستاوێژ خرانەڕوو، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و توند و تیژبوونی ڕەوتی خەبات لە ماوەی کۆماری کوردستان دا، شکڵ و ناوەرۆکی شێعری کوردیش، تارادەیێک گۆڕانی بەسەرداددێ و، هەربەو پێیەش ئەرک و ئامانجی شێعر بەتایبەت بۆ کۆمەڵگەی ئەخوێندەواری ئەو سەردەمە کە وەک گرینگترین کەرەسەی تەبلیغات و ڕاگەیاندن چاوی لێکراوە، دەگۆڕدرێ. بۆیە بە کورتی دەکرێ چەند خسڵەت و تایبەتمەندیی جیاواز لە جاران بۆ ئەو ڕەوتە کەمخایەنەی سەردەمی کوردستان دەستنیشان بکەین و بڵێین:

ـ شێعر، تا ڕادەیێک لە قاپیلکەی شێوازی کلاسیکی(سۆفیگەری و ئەوپەری

سروشتی) و بێلایەنی و دوورەپەرێزی ڕەها دەبێ، لە چوارچێوەی مزگەوت و خانەقا و دیوەخانان دێتە دەر و ڕەنگی کۆمەلایەتی و سیاسی و بەرەنگاری بە خۆوە دەگرێ.

ـ شێعر، سەرنج دەداتە مەسەلەی «ژنان» و بۆ تێکۆشانی کۆمەلایەتی و سیاسی هانیان دەدا.

ـ شێعر، هێلی زمانی ڕەق و دەقی باوی فکری و فەلسەفی بەردەدا و دێتە سەر هێلێکی پەتی و پاراوو ساکار.

ـ شێعر، جەغزی کێشی عەرووزی و ناخۆیی دەشکێنێ و دێتە نێو سنووری کێشی پەنجەیی و خۆمالی و خەلک پەسندەوە.

ـ شێعر بۆ یەکەمجار دەبێتە سەنگەر و پێداهەلدەری ئامانجی وەدیهاتووی قۆناغێکی مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کورد، کە لە «کۆماری کوردستان» دا خۆی نواندووە.

ئەوەی ڕاستی بێ، هەرچەند قەلەمڕەوی جوغرافیایی کۆماری کوردستان لە چاو خاکی بەرین و بەربلاوی کوردستان (و تەنانەت بەشی ڕۆژهەلاتیش) زۆر تەسک و تەنگەبەر بوو، بەلام لەگەل ئەوەشدا وەک ئاکامی پرۆسەیێکی مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کورد چاوی لێکراوە. هەر بۆیەش، بە تێکرایی لەلایەن شاعیران و ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی نیشتمانپەروەری هەموو بەشەکانی کوردستان بەتایبەت کوردستانی گەرمێن وەک دەستکەوتێکی گرینگی نەتەوەیی پشتیوانی لێکراوە.

ڕاستە کۆماری کوردستان، بە هۆی پیلانی دوژمنانی ناوخۆیی و هەندەری و بەتایبەت پاشگەزبوونەوەی سۆڤیەت لە بەلێنییەکانی، زۆر زوو جوانەمەرگ بوو و بۆی نەلوا وەک دەولەت شکلی قانوونی و نێونەتەوەیی بە خۆوە بگرێ و سەقامگیر بێ؛ بەلام توانی وەک نوختە وەرچەخانێکی گرینگی مێژوویی بکرێتە بەلگە و شەقلی خۆی لە لاجانگی مێژوو بدا و بدرەوشێتەوە.

بە کورتی، هەروەک لە ناوەرۆکی باسەکەشدا دەردەکەوێ، ئەگەر گرینگترین ئەرکی شێعر لەو ماوە کورتەدا، پەسن و تەبلیغات و پڕ ڕەنگ کردنەوەی هەموو ئەو دیاردە کۆمەلایەتی و سیاسییانە بێ کە لە خزمەت بەرژەوەندیی ئەو کۆمارە ساوایەدا بوون، کۆماری کوردستانیش سەرەڕای تەمەن کورتی و کەمخایەنی، ئەو بوارەی ڕەخساند کە ئەو ڕێبازە ئەدەبییەی کە بە هۆی شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان سەری هەلدابوو، بە هۆی شاعیرانی دەستەی دووهەم(سەر بە کۆمار) وەک: «هەژار» و «هێمن»و ... پەرە پێبدرێ و تا ئێستەش درێژەی هەبێ... ۳۰

لە کۆتاییدا، بەر لەوەی ڕشتەی قسەکانم لێ ئالۆز بێ، دەخوازم بە یادی هەموو شاعیرانی ئەو دەورەیە، لە ئاوریشمی شێعر پەنجا گولینگی ڕەنگاوڕەنگ بە بالای «چوارچرا»ی «کۆماری کوردستان» هەلاوەسم و بەو تاکە شێعرەی «هێمن»، ماشەری باسەکەم هەلوێزنم:

ئەی پەریزادی مەهابادی! ئەتۆ ون بووی لەمن
تۆ بەدیکەم کوا پەریزادە و پەری چینم دەوێ

•••

**تێبینی:**

١) هۆنراوەی هەموو شاعیرەکان لەو باسەدا بە ڕێنووسی (ستاندار) ئەوڕۆیی نووسراونەتەوە.

٢) لێرەدا، جێی خۆیەتی، پڕ بەدل سپاسی کاک محەمود مەلا عززەت، د. ئەمیری حەسەنپوور و حەسەنی قازی بکەم کە فتۆکۆپی هێندێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی «کۆماری کوردستان»یان لە پێوەندی لەگەل ئەو باسەدا بۆ ناردووم.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١) بڕوانە: *دیوانی سیف القضات*، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل۳۵و۳٦.

٢) **هێمن**، *تاریک و روون*، ل ٤٩، چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد.

٣) **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*، ل ٢/3، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد، ١٩٨٥.

٤) ـــــ ل ١٩ /114.

٥) ـــــ ل ١٩ /48.

٦) ـــــ ل ١٠ /132.

٧) ـــــ ل٢١و٢٢ /117-116.

٨) **هەژار**، *ئاڵەکۆک*، ل ٧)١٢، چاپخانەی تەوریز، ١٩٤٥(١٣٢٤هـ).

٩) **هەژار**، *بۆ کوردستان*، ل ٣١٤، چاپی چوارەم، سوێد، ١٩٨٨.

١٠) **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*... ل ٢٢ /79.

١١) **هەژار**، *بۆ کوردستان*، ل ٣١٠ تا٣١٢، چاپی چوارەم، سوێد، ١٩٨٨.

١٢) بڕوانە: **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*.. ل ٢٣/80.

١٣) ـــــ لاپەڕەی ٧٢ تا ٧٧.

١٤) بڕوانە: بەشی یەکەمی ئەو باسە، گزینگ ژمارە ١٣، ل ٦٤.

١٥) بڕوانە: *دیوانی سیف القضات*، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل ٦٩.

١٦) **هەژار**، *ئاڵەکۆک*، ل ٧)١٢، چاپخانەی تەوریز، ١٩٤٥(١٣٢٤هـ).

١٧) *گۆڤاری کوردستان*، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤(٦ی دێسامبری ١٩٤٦).

١٨) *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).

١٩) *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ١١، ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(١٩٤٦).

٢٠) *گۆڤاری هەلالە*، ژمارە ١، لاپەڕەی ١٨، ڕەشەمەی ١٣٢٤، چاپخانەی بۆکان.

٢١) *ڕۆژنامەی کوردستان*،ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).

٢٢) *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).

٢٣) ئەو دیاردەیە جارێکی دیکەش لە سالی ١٣٥٨(١٩٧٨) سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد، سەری هەلدایەوە و تەنانەت شادڕەوان دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەری (حدکا)، هاوینی هەر ئەوسالە لە ئوتقێکی خۆیدا لە «چوارچرا»ی مهاباد، ئەو دیاردەیەی جەخت کردەوە و گوتی: «... دەمەوێ مزگێنیتان بدەمێ کە سۆڤیەت لەهەر بارەوە پشتیوانیمان دەکا...».

ئەو کاتە کە خۆم لە تەنیشتی ڕاوەستابووم دوای قسەکان عەرزم کرد: کاک دوکتور بە ڕاستیتە، لە وەلامدا گوتی: لەوەی گەرێ، جارجار دلگەرمی پێویستە»!

٢٤) «خدرە گرێ» کەسێک بووە کە لە زەمانی ڕەزاشادا، لە بەرانبەر کردەوەیێکی بێ ئامووسانەی کاربەدەستانی شا، لە مالە خۆی مەتەریزەگرێ و دوای کوشتنی چەند ئەمنییە(ژاندارمە)بۆخۆشی پیاوانە دەکوژرێ.

٢٥) *گۆڤاری کوردستان*، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤(٦ی دێسامبری ١٩٤٦).

٢٦) *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ٨، ٨ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(١٩٤٦).

٢٧) *گۆڤاری هەلالە*، ژمارە ١،، ڕەشەمەی ١٣٢٤، چاپخانەی بۆکان

٢٩) *گۆڤاری کوردستان*، بانەمەڕی ١٣٢٥(١٩٤٦).

٣٠) بە لەبەر چاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە باسەکەدا، ئاماژەی پێکراوە، ئەو ڕێبازە بە هۆی شاعیرانی وەک: حەریق و ئەدەب و وەفایی و... بە شێوازی کلاسیکی (عیرفانی و غەرامی و...)سەری هەلداوە و دواتر بە هۆی کۆمەلێک شاعیری دیکە وەک: مەلا مارفی کۆکەیی و شەوقی و سەیفولقوزات پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ ترەوە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە نێوی ڕێبازی ئەدەبیی موکریان جێگیردەبێ. ئەو ڕێبازە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بە بەشداری و چالاکی گەلێک شاعیری هەلکەوتوو وەک: هەژار، هێمن، خالەمین، نیمامی(ئاوات)، هەباسی حەقیقی و خالیدی حیسامی(هێدی) و... هەروەها دەستەیێک نووسەری لێهاتوو وەک: سەید محەمەدی حەمیدی، دلشاد ڕەسولی، عەبدولڕەحمانی ئێلخانیزادە(موهتەدی)، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، حەسەنی قزلجی و... پتەوتر دەبێ و دواتریش پەرە پێدەدرێ.

زۆربەی ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لە دەورەی کۆماری کوردستاندا چالاکیان نواندووە، جگە لە یەک دووکەس نەبێ، هەموویان کۆچی دواییان کردووە و ئەرکی درێژەدانی ئەو ڕێبازەیان بە بەرەی داهاتوو سپاردووە.